# بۆپێشەوە

FORWARD بلاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

سالی سێهەم، ژمارە (65) 1/12/2019 | بلاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە | مانگی دووجار، لە (1)و(15)ی هەموو مانگێکدا دەرئەچێت


**دۆسیەی ژمارە: "خۆپیشاندانەکانی عێراق و ئایندەی سیاسی"**

**گفتۆگۆ لەگەڵ عەمار شەریف و خەندە ڕەشاد لە لاپەرە**


12-13دەخوێننەوە...


# دەست لەکارکێشانەوەی عادل عەبدولمەهدی بەس نییە دەبێ تەواوی دەسەڵات و سیستەمی سیاسی ئێستا بڕوات!



کۆتایی ئەم مانگە عادل عەبدول مەهدی سەرۆک وەزیرانی عێراق، لە ژێر گوشارو بەهۆی بەردەوامی خۆپیشاندانەکانەوە دەستی لەکار کیشایەوە. کە ئەمە دەکرێت وەکو دەستکەوتێکی بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری لێک بدرێتەوە، بەڵام هاوکات دەست لەکارکیشانەوەی عادل عەبدولمەهدی وەکو هەوڵێک بۆ ڕزگارکردنی دەسەڵاتی سیاسی عێراق لە دارمان بەدەستی خۆپیشاندەران دەبێ لێی بڕوانرێت.

لەوکاتەوەی بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری و ڕاپەرینی بێبەشانی عێراق، ئاستی خواستەکانی بردە سەرەوەو ڕوخاندنی دەسەڵاتی سیاسی بەدەستەوە گرت و ڕەوتە سیاسییە بۆژوازییەکانی تێپەراند. هەوڵ بۆ کۆتایی پێهێنانی بوو بە خواستی هەموو بزوتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی بۆرژوازی، بوو بە ویستی دەوڵەت وڵاتانی ناوچەکە دنیا و ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتوەکانیش.

کاتێک بەڵێنە یەک لەدوای یەکەکانی پەرلەمان و حکومەتەکەی عادل عەبدول مەهدی، نەیتوانی خۆپیشاندان و راپەرینی خەڵکی عێراق خامۆش بکاتەوە، کاتێک ڕەوتە بۆرژوازییە.... سیاسیەکانی تر نەیانتوانی سوار شەپۆلی نارەزایەتی ملیۆنی خەڵکی عێراق ببن و بەلارێیدا ببەن، بزوتنەوە سیاسییە بۆرژوازییەکانی عێراق و مەرجەعیەتی سیاسی ڕەوتە باڵادەستە ئیسلامیەکان، ناچار دەستیان برد بۆ کارتی


بۆ لاپەڕە ٢




**عەمار شەریف: پێویستە خەڵکی شۆرشگێری عێراق پشت ببەستێ بە هێزی رێکخراوی خۆی. پێویستە هەرچی زووە خەڵك لە گەڕەك وکارگە وکۆلیج و زانکۆ و دائیرە و لەساحاتی (اعتصام) لە بەغدا و شارەکانی باشوور خۆی رێك بخات...ل12**



**خەندە ڕەشاد: دەسەڵاتی سیاسی کاتێك ڕووبەڕووی مەترسی بێتەوە، ئەوکات بەسانایی دەست بۆ سەرکوتی خەڵك دەبات، لەعێراقیشدا فۆرمی هەموو دەسەڵاتە سیاسییە بۆژوازییەکان دژ بەچینی خوارەوە مێژوویەکی خوێناوی هەیە...ل13**

**ژنان لەپێناو مافەکانیاندا لەسەرتاسەری دنیا خۆپیشاندانیان کرد...ل2**

**ڕاپەرینی عێراق، لەبزوتنەوەی داخوازییەکانەوە بۆ بزوتنەوەی ڕوخاندنی ڕژێم....ل3**

**دەکرێت شۆرشی چەوساوەکان سەرکەوتوبێت....ل5**

**هەواڵی نارەزایەتیە کرێکاریی و جەماوەرییەکان....ل8**



**دیمانە لەگەڵ مەنسور حیکمەت سەبارەت بە ڕێکخراوە جەماوەرییەکانی چینی کرێکار...ل10-11**

**دیمانەی دیدگای سۆشیالیستی لەگەڵ عەبدوڵا مەحمود لە پەیوەند بەکشانەوەی هێزەکانی ئەمریکاو پێشهاتەکانی جەنگ لەکوردستانی سوریا...ل9**

پرسی ژن



ل6

گۆشەی ئەدەب و هونەر

ل 7

بۆپێشەوە
FORWARD
بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

## درێژەی ...سەروتار

بەهێزتر، کارتی ناچارکردنی عادل عەبدولمەهدی بە وازهێنان، تا لەو رێگایەوە بتوانن خۆپیشاندانەکان کۆتایی پێبهێنن و رەوتی دارمانی بزوتنەوەی ئیسلامی سیاسی وەکو بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی رزگار بکەن.
وازهێنانی عادل عەبدول مەهدی، هەر تەنها شکستی کاراکتەرێکی سیاسی بێ سێبەری حزب نییە، بەڵکو دارمان و شکستی سەرجەم بزوتنەوەی سیاسی بۆرژوازی باڵادەستی ئێستای عێراقە. یەکەم شکست و گەورەترین گوزە لە رەوتی شیعەی سیاسی، بەدوای کەوتنی رژیمی بەعسەوە. وە هاوکات گورزێکی کوشندەشە لە دەسەڵات و پایەیەکی بەهێزی جمهوری ئیسلامی لە عێراق و ناوچەکەدا.
لە ساڵی ٢٠٠٣ وە، ئیسلامی سیاسی" شیعەی سیاسی" لەسەر کەلاکی بەعسی گۆڕ بە گۆڕکراودا، و لەئاکامی پاشەکشەی بزوتنەوەی ناسیونالیستی عەرەبدا، بواری بەهێزبوون و گرتنە دەسەڵاتی سیاسییان بە پشتیوانی ئێران بۆ ڕەخسا. ئەم رەوتە تا هەڵبژاردنەکانی ساڵی رابردوو، پێگەی بەهێزو خاوەنی دەسەڵاتی رەها بوو لە عێراقدا. لە ساڵی رابردووە و بەهۆی شکستخواردنی دەسەڵاتی ١٥ ساڵەی، رووبەرووی رەوتێکی نارەزایەتی فراوانی شاراوە بۆوە، کە هەڵبژاردنەکان و بایکۆتی لەسەدا هەفتای خەڵک توشی راچەنینی کرد و تەکانی دا، خۆپێشاندانەکانی دواتر و راپەرینی ئۆکتۆبەری ئەمساڵیش حوکمی رۆشتنی دا.
ئیسلامی سیاسی و رەوتە سیاسیەکانیان، دەیانەوێت ئۆباڵی ئەم دۆخەی بەرهەمی ١٦ ساڵە لەگەردنی عەبدولمەهدی کۆبکەنەوە و بئالێنن. وە بەلابردنی عەبدولمەهدی بوار بۆ دوبارە گەرانەوەی خۆیان و دوبارە سەربەرزکردنەوەی شیعەی سیاسی وەڵام بدەنەوە. ناسیونالیزمی عەرەبی سونیش ئەمە بەدەرفەتێک دەزانن بۆ گەرانەوەیان بەهێزی زیاترە بۆ ناو گۆرەپانی ململانێی دەسەلات و دەیانەوێت لەسەر پایەی شکستی دەسەڵاتی ئیسلامی سیاسی جارێکی تر ئەسپی ناسیونالیستی تاو بدەنەوە.
بۆ جەماوەری راپەریوی عێراق، دەست لەکارکیشانەوەی عادل عەبدول مەهدی هەنگاوێکی پێشرەوییە، لە راساتی ناچارکردنی دەسەڵاتی سیاسی بۆ دەست لەکارکێشانەوەی سەرۆکایەتی هەرێم و پەرلەمان و کۆتایی هێنان بە باڵادەستی ئیسلامی سیاسی و دەستێوەردانی ئیران لە عێراقدا، بەوێنەی کلیل و هەڵسوڕێنەری داینەمۆی دەسەڵاتی رەوتەکانی کرێگرتەی وابەستە بەخۆی.
خەڵکی راپەریوی عێراق لەپێشیانەوە رابەرانی بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکان، رابەرانی ساحەی تەحریرەکان، رابەرانی کریکاری، رابەرانی خۆپیشاندانەکان، هەڵسوڕوانی بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکانی وەکو" ژنان، لاوان، خوێندکاران...تاد.
پێویستە پیلانەکانی بۆرژوازی لە عێراقدا پوچەڵ بکەنەوە، چۆن پلانی سەرکوت نەیتوانی رامیان بکات و پاشەکشەیان پێ بکات، چۆن ریزی بەڵینە پاکەتیەکان درزی تێنەخستن، چۆن ڕیگەیان نەدا رەوتە سیاسییەکانیتر سواری شەپۆلی نارەزایەتیەکانیان ببن، ئاواش دەبێ دەست لەکارکێشانەوەی عادل عەبدول مەهدی توشی رامانیان نەکات و لەدرێژەدان بە خەبات و تیکۆشانیان بۆ گورێنی تەواوی سیستەمی سیاسی خاویان نەکاتەوە.
ئەوەی ئێستا لە عێراقدا روودەدات، تەنها ساڵێکی بەرهەمی کارکردی عادل عەبدوڵ مەهدی و حکومەکەتەتی، ١٥ ساڵەکەی تر بەرهەمی هەموو رەوتە سیاسیە شیعەکانە، کە مەرجەعیەت لەسەروی هەموو دەسەڵاتێکەوە لە پشتیەتی و باوەشێنی کاراکتەرەکانی دەکات.
هاتنە مەیدانی خەڵکی بێبەشی عێراق، بۆ ئاڵوگۆرێ روکەش نییە، تا بەلاچوونی عادل عەبدولمەهدی کۆتایی پێ بێت و کاراکتەرێکی تر جێگەی بگرێتەوە. ڕاپەرینی خەڵکی عێراق لەدژی تەواوی سیستەمی سیاسییە کە ١٦ ساڵە، دەستی ناوەتە بینەقاقای ئابوری وڵات و بەشێوەی سیستماتیک حەپەلوشی دەکەن. لەدژی دەسەڵاتێکە کە تا ئێستا نائەمنی بێداد دەکات بەدەستی میلیشیا رەنگاو رەنگە خوێن رێژەکان. لەدژی دەسەڵاتێکە کە لەسەر دابەشکاری دینی و مەزهەبی و قەومی دامەزراوە. لەدژی دەسەڵاتێکی سەرکوتگەرە کە چاوی بە کەمترین ئازادی و مافەکانی هاوڵاتیان هەڵنایەت. لەدژی دەسەڵاتێکە کە نۆکەری ئێران و مەلای کۆنەپەرستە و مەرجەعیەت دەیچەرخێنێ. لەدژی دەسەڵاتێکە کە فەسادی شەرعی کردووە بە یاساو لە زەواجی منالانی ٩ ساڵ پشتیوانی دەکات، زەواجی میسار و سیغە کردووە بە یاسا تا وەڵام بە ویستی شەهوەتی پیاوانی کۆنەپەرست بداتەوەو ژنانیش وەکو ماشینی سیکسی، بەکاربهێنێ.
بە کورتی خۆپیشاندان و نارەزایەتیەکانی خەڵکی عێراق، بۆ نان و ئازادی و ئەمنیەت و دەسەڵاتێکی سیاسییە، کە بتوانێت وەڵام بە نیازە هەزار سەرەکانیان بداتەوەو شکۆی تاکەکان بپارێزێت و عێراق لەژێر دەستی دەرەکی رزگار بکات و مافە فەردی مەدەنیەکان و ئازادییەکان، ببنە سیما و دیمەنی شانازی کردنی کۆمەڵگەی عێراق.
خواستە سەرەتایەکانی خەڵکی عێراق، بە گۆڕینی دەمو چاوەکان نابێت، بەڵکو بە گۆڕینی سەراپای سیستەمی سیاسی دەبێت. بە هێنانەسەرکاری دەسەڵات و حکومەتێکی سکیولاری نا قەومی دەبێت. کە زامنی نان، بۆ برسییەکان و بێکاران و خزمەتگوازرییەکان بۆ هاوڵاتیان زامن بکات. کە ئەمنیەت بگێرێتەوە بۆ هاوڵاتیان و دەسەڵاتی زۆری چەکی میلیشیاکان لەسەر دانیشتوان کۆتا بکات. داهاتی دزراوی هاوڵاتیان بگێرێتەوەو دزو گەندەڵکاران رووبەرووی لێپێچینەوەی یاسایی بکات. کە ئازادییەکان و مافە فەردی و مەدەنیەکان بە فەرمی بناسێت، دەسەڵاتێک بێت کە بەشداری هاوڵاتیان تیایدا رۆڵی بەرجەستەی هەبێت. وە دین لەدەوڵەت و یاساو پەروەردە جیابکاتەوە، یەکسانی ژن و پیاو بە رەسمی بناسێ. ئەمانە ویست و خواستی راپەرینی خەڵکی عێراقن. تا ئەو کاتەش حکومەتێکی ئاوا دێتە سەرکار پێویستە خۆپیشاندان و نارەزایەتیەکان درێژەیان پێ بدرێت، فراوانتر و سەراسەری تر بکرێنەوە، رێکخراو تر بن و هاوئاهەنگی لە نێوان نارەزایەتی شەقام لەگەڵ ناوەندە کرێکارییەکان و گەرەکەکان لێک هەڵپێکرێن.
بە کورتی دەبێ دروشمی" ئەمنیەت، نان، ئازادی، دەسەڵاتی راستەوخۆی جەماوەری و حکومەتێکی سکیولاری ناقەومی، پەرچەمی راپەرینی بەردەوامی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێشی عێراق بێت.

**کۆتایی دیسەمبەری ٢٠١٩**

# ڕۆژی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بەژنان، ژنان بۆپیشتیوانی لە مافەکانیان لەسەرتاسەری دنیا خۆپیشاندانیان کرد

**ئامادەکردنی ئاراس ڕەشید**

بەبۆنەی ڕۆژی جیهانی بۆ بنەبڕکردنی توندوتیژی دژ بەژنان؛ کۆڕوکۆبوونەوەی ناڕەزایەتی ژنان لە ژمارەیەک وڵاتانی جیهان ڕێکخرا، لەوانە (مەکسیک، ئیتاڵیا، تورکیا، سودان، ... بۆ زیاتر هەوڵدان بۆ پشتیوانی بەدەستهێنانی مافەکانی ژنان.
بەو بۆنەوە ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ٢٥ ی نۆڤەمبەر، خۆپیشاندان لەزۆرێک وڵاتانی دنیا ڕێکخرا.




بەپێی زانیاریەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان تەنیا لەساڵی ٢٠١٧دا نزیکەی ٨٧ هەزار ژن و کچ کوژراون لە سەرتاسەری دنیا. ئەوەش زیاد دەکات کە " توندوتیژی دژ بەژنان و کچان بەیەکێک لە باوترین و بڵاوترین و بەردەوامترین پێشێلکردنەکانی مافی مرۆڤە لە وێرانکردنی دنیای ئەمڕۆماندا" تاوەکو ئێستاش و بەرادەیەکی زۆر تاوانباران بەسزای خۆیان ناگەن و ڕزگاریان دەبێت لەسزا بەهۆی نەریتی ناموسپەرستیەوە.
لەشاری مەکسیکۆ ستی وڵاتی مەکسیک؛ خۆپیشاندن لە شەقامەکانی ئەو شارە بەڕێوە چوو و داوایان لە دەسەڵاتداران دەکرد بۆ کێشانی ئەرکی زیاتر بۆ لەناوبردنی بەرزبوونەوەی کوشتنی ژنان بەهۆی جێندەر و لاقەکردنەوە.
هەروەها ناڕەزایەتی گەورە لە هەموو وڵاتانی ئەمریکای لاتین بەڕێوە چوو. نەتەوە یەکگرتووەکان دەڵێ" ١٢ ژن ڕۆژانە دەکوژرێن.
لە وڵاتی شیلی ژنان لە شەقامەکان بۆ ناڕەزایەتی دەربڕین وێنەی دەستێکی سوریان لەسەر سیمایان دروستکردبوو، بەهەمان شێوە دوای هەوڵی زیاتریان لەدەسەڵاتداران کرد بۆ کەمکردنەوەی توندوتیژی دژ بەژنان.




ژنانی ئەرجەنتین بەهەمان شێوەی ژنانی شیلی لەسەر سیمایان بەڕەنگی بەنەوشەیی وێنەی دەستێکیان کردبوو، کاتێک لەبەردەم کۆنگرەی نیشتمانی لە بۆینس ئایرسی پایتەخت ڕێکخرابوو.
ژنان و پیاوان لە پایتەختی ئۆرگوای مۆنتیڤیدیۆ بەلەبەرکردنی جلی ڕەشەوە بەشداری ڕێپوانیان کرد
بۆ بنەبڕکردنی توندوتیژی دژ بە ژنان.
لەپایتەختی هیندۆڕاس تیغۆسیغالیاش، خۆپیشاندەران بووکە شووشەی ئاژەڵی ناواخنکراو بە لۆکەیان بە تەنافەوە کردبوو بۆ یادەوەری ئەو ژنانەی توشی کوشتن بوونەتەوە.
کۆمەڵێک لە ژنان لە پەنەما نمایشێکی شانۆییان کرد بە لەبەرکردنی پەڕۆی سپی و داپۆشراو بەخوێن بۆ




یادەوەری ئەو ژنانەی بەهۆی جێندەرەوە کوژراون. Uبەهەمان شێوە لە وڵاتە ئەوروپیەکان ناڕەزایەتی گەورە ڕێکخرا. لە وێنەکەدا دیارە کە لەناو لەپی دەستیان نووسیوە " بوەستن"و"١٣٨" کە ئاماژە بوو بە ژمارەی ئەو ژنانەی ئەم ساڵ بەدەستی دەستگیرانەکانیانەوە کوژراون. وێنەکە شاری تانتی فەرەنسیە.
لە ئیتالیاشدا تەلاری ئەنجومەنی پیران لە شاری تۆرینۆ ڕووناکرایەوە بە ڕەنگی سوور بۆ یادکردنەوەی ئەو ڕۆژە.
لە ئیسپانیا لە جەند شارێکدا هەزاران خۆپیشاندەر هاتنە سەر شەقامەکان بۆ بنەبڕکردنی توندوتیژی دژ بەژنان. داتاکان نیشانیانداوە کە ٥٢ ژن لەسەر دەستی دۆستەکانی ئێستایان یان پێشوویان کوژراون لەسەرەتای ئەمساڵەوە ٢٠١٩
لە تورکیا خۆپیشاندانی مەزن لە شاری ئەنستەنبۆڵ بەرێوە جوو بۆ فشارخستنە سەر دەسەڵاتداران بۆ بەکارهێنانی توانای زیاتر بۆ کەمکردنەوەی



توندوتیژی دژ بەژنان.لە تلە
لە ئەستەنبۆڵ پەشێوی پێکدادان کەوتە نێوان پۆلیس و هەندێک لە خۆپیشاندەرانەوە. کۆمەڵی" کوشتنی ژنان دەوەستێنین" گوتی لە ئەستەنبۆڵ لەم ساڵدا ٣٠٠ ژن کوژراون!
لە شاری برۆکسێلی بەلجیکا، پۆتینی سوور لەسەر زەوی شەقامەکان دانرابوون وەک سونبولێک بۆ قوربانیانی کوشتنی ژنان.
ژنانی سودانیش لەڕیزی ژنانی دنیا بەوبۆنەوە خۆپیشاندانیان ڕێکخست، و لە کاتی ڕێپوانەکان لە شاری خەرتومی پایتەخت هاواریان دەکرد" ئازادی و ئاشتی و دادپەروەری"

بۆپێشەوە
FORWARD
بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە



# ڕاپەڕینی عێراق، لە بزوتنەوەی داخوازیەکانەوە بۆ بزوتنەوەی ڕوخاندنی ڕژێم

عەبدوڵا مەحمود

خۆپیشاندان و ڕاپەڕینی خەڵکی بێبەشی عێراق، کە بەڕاپەڕینی ئۆکتۆبەر ناسرا، بووە مایەی وەرچەرخانێکی گرنگ لە مێژووی سیاسی عێراقدا. ڕاپەرین و خرۆشان سەرەتا بەداخوازی دابینکردنی هەلی کار و خزمەتگوزارییەکان، وەستانەوە بەرووی تاڵانی و گەندەڵی و بۆ ماف و ئازادییەکان... دەستی پێکرد، بەڵام بەهۆی کاردانەوەی دەسەڵات و گرتنە بەری توندوتیژی، لە جێگای وەڵامدانەوە بە داخوازییەکان، خواستی خۆپیشاندەران گۆڕدرا بە وەلانانی دەسەڵات و ڕوخاندنی حکومەت. واتە ڕاپەرین و خرۆشانی جەماوەری عێراق، لە بزوتنەوەی داخوازییەکانەوە بوو بە بزوتنەوەی سەرەو ژوورکردنی دەسەڵات.

١٦ ساڵ دەسەڵاتی سیاسی لە عێراقدا، زوربەی هەرەزۆری خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشی ڕووبەڕووی دژواترین هەلومەرج کردەوە. بەجیا لەجەنگی دەسەڵاتی تایفی و قەومی و دینی، کە بەدەیان هەزار ئینسانی کردە خۆراکی بەشی دەسەڵات و نۆکەر پیشەیی. لەماوەی ئەم ١٦ ساڵەدا، دەسەڵات دۆزەخێکی بۆ دانیشتوانی عیراق وەرێخست. نائەمنی، بێکاری، گرانی، تاڵانی و دزی، نەبوونی کەمترین خزمەتگوازی، نەبوونی ئازادییەکان و مافە فەردی و مەدەنییەکان، ململانیی میلیشیاکان و جەنگی نێوانیان، دەستیوەردانی دەرەکی، نۆکەر پیشەیی لایەنە سیاسی و میلیشیاکان بە وڵاتانی ناوچەکە، باڵادەستی کۆنەپەرستی ئیسلامی سیاسی و پێگەی ڕژیمی ئێران، هێنانی دەیان یاسای کۆنەپەرستانەی دژە ژن، دژە مەدەنیەت، نەهێشتنی ئاسەوارێک لە دیمەنەکانی شارستانی و شاری... هەموو ئەمانە بوونە هۆی ئەوەی ڕۆژ بەرۆژ تورەیی خەڵکی عێراقی زیاد بکات و جۆش بخوات.

"نا" وتنی زیاتر لە ٧٠% لەسەدی دانیشتوان، بە گاڵتەجاری هەڵبژاردنەکان، سەرەتای نیشاندانی تورەیی جەماوەری بوو بە دەسەڵاتی ڕەنگاو ڕەنگ و میلیشیایی عێراق و پوچی دیموکراسیەتی تەوافوقی، لە کایەکی بەناو فەرمیدا نیشاندا. ئەم "نا" وتنە بەهەڵبژاردنەکان لە کایەکی ناونراو بە دیموکراسی و پرۆسیسێکی فەرمی دنیای بۆرژوازیدا، زۆر زوو گۆردرا بە "نا" وتنی جەماوەری لەشەقام بە دژی بێکاری و گرانی و تاڵانی و دزی و عادەپیشەیی حزب و لایەنە سیاسیەکان و دەستێوردانی دەرەکی دەوڵەتەکان، بەتایبەتیش ئێران.

لە دوو ساڵی ڕابردوودا تا هاتووە ناڕەزایەتی و غەزەبی جەماوەری پەرەی سەندووە، جەماوەری برسی و بێکار و هاتوونەتە سەرشەقام بۆ خواستە زۆر سادەو ڕەواکانیان، لەوانە بۆ زامنکردنی ئەمنیەت، هەلی کار، ئازادی و مافە فەردی و مەدەنییەکان، خزمەتگوازییەکان وە ڕاوەستان لەدژی دزی و گەندەڵی... کەدەکرێت ناوی بنێن بزوتنەوەی داخوازیی جەماوەری.

وەڵام نەدانەوەی دەسەڵات بە کەمترین داخوازی جەماوەری، شانخاڵیکردنەوە لە دابینکردنی سەرەتاییترین خزمەتگوزاری، چاو نوقاندن لە بێکاری ملیۆنی و گرانی ئەژدیها ئاسا، درێژەدان بە تاڵانی و دزی و نۆکەرایەتی، لەوانەش واوەتر دەستبردنی دەسەڵات بۆ سەرکوتی خوێناوی خۆپیشاندەرانی دەست خاڵی، بزوتنەوەی جەماوەری لە بزوتنەوەیەک بۆ داخوازییەکانەوە گۆڕی بە بزوتنەوەیەک بۆ ڕوخاندنی حکومەت و وەستانەوە بەرووی دەسەڵاتی سیاسی و حزب و لایەنە میلیشیایەکان.

ئەم ڕاپەرین و خرۆشانە جەماوەرییە لە ئێستادا، بە مانای وشە، بزوتنەوەی ڕاماڵینی دەسەڵاتە، بزوتنەوەی ڕاماڵینی دەسەڵاتی ئیسلامی سیاسی، بزوتنەوەی توردانی دیموکراسیەتی تەوافوقی، بزوتنەوەی مۆردان لە ئەلگۆی دیموکراسیەتی ئەمریکای دوای جەنگ لە عێراق، بزوتنەوەی دژی پێگە و دەستێوردانی ئاخوندەکانی ئێران لە دۆخی سیاسی عیراق و ناوچەکەدا. بۆیە بەمانای وشەکە ناوەرۆکێکی شۆڕشگێرانەو پێشکەوتنخوازانەی هەیە.

دەستکەوکانی ئەم بزوتنەوەیە کە تا ئێستا بەدی هاتوون، گەورەن و سەرمایەکی سیاسیین بۆ هەر جموجۆڵ و بزاوتێکی ئازادیخوازانە، شۆڕشگێرانە، کرێکاریی و چەپ و کۆمۆنیستی.

تا بەر لە خۆپیشاندان و ڕاپەرینی ئۆکتۆبەر، گۆرەپانی سیاسی عێراق، مەیدانی تەراتێنی حزب و لایەنە سیاسی و میلیشا ئیسلامی و تایفی و قەومییەکان و کارکردنیان بوو بۆ دابەشکاری تایفی و دینی و مەزهەبی و قەومی چاندنی تۆوی دوبەرەکی، وە ژینگەی هەڵسوڕانی ئەوان و پێگەیەکی سەرەکی باڵادەستی جمهوری ئیسلامی ئیران بوو. کەچی ئێستا خۆپیشاندان و نارەزایەتیەکان رووی لەو حزب و لایەنەسیاسیانەیە، وە بنکەو بارەگانیان گڕ دەدرێن، لەچاوی بزوتنەوەی جەماوەری خۆیان بەدوور دەگرن، ناسنامەکانیش ون و خەڵکی خۆپیشاندەر بێ گوێدانە ناسنامەکان شان بەشانی یەکتری لە گۆرەپانەکەن بۆ ڕاماڵێنیان. کۆنسوڵیەکانی ئیران لە شارەکانی نەجەف و کەربەلا دەسوتێنرێن. ناوەندی شارەکان، بۆنەتە سەکۆی ئامادەیی جەماوەریی ملیۆنی و سەرانی حزب و لایەنە سیاسیەکان ومیلیشیاکانیان، کونە مشکیان لێ بۆتە قەیسەری. خەریکی بەڵێندان و قەسەم خواردنن.

تا بەر لە ڕاپەرین و خرۆشانی جەماوەری، ئازادی سیاسی بوونی نەبوو، ئەوەی هەبوو فەزای سیاسی کراوە بوو، کە بەرئەنجامی قوتبی نەبوونەوەی تاک دەسەڵاتی بوو. کەچی ئێستا ئازادی سیاسی وەکو بەرهەمی هاتنە مەیدانی جەماوەری لە گۆرەپانی شارەکاندا هەیە. هەموو لایەنێکی سیاسی و بیرو بۆچوونە سیاسییەکان، بواری خۆ دەرخستن و بەیانی سیاسەت و هەلوێست و ڕێگاچارەی خۆیان هەیە. بێ ئەوەی میلیشیاکان و حزب و لایەنە سیاسیەکان، و دەسەڵاتی سیاسی بتوانن، بیلەوتێنن. پێشوتر کەش و بواری سیاسی چ بۆ هەڵسوڕانی نوێنەرانی خەڵکی بێبەش و ئازادیخواز و چ بۆ چەپ و کۆمۆنیستەکان، قورس و سەخت بوو، لە ئێستادا کەشی سیاسی چ بۆ خەڵک و چ بۆ کارو هەڵسورانی چەپ و کۆمۆنیستەکان و ئازادیخوازان کراوەیە.

تا بەر لە هاتنە جەماوەری ئۆکتۆبەر، سەرکوتی ژنان و پایماڵکردنی مافەکانیان، یاساو ریسای دژە ژن دادەسەپێنران. زەواجی موتعە، میسار و سیغە، وەکو فۆرمی شەرعی و یاسایی برەویان پێدەدرا، ژنان سەر داپۆشراو دەکران و هاتنە دەرەوەیان قورس و هەڵسورانی سیاسی و مەدەنیەکان پڕ ڕێگری بوو، ئێستا ژنان بەشێکی سەرەکی لە بزوتنەوەی ڕاماڵینی دەسەڵاتن، و بە کردەوە و شان بەشانی پیاوان لە مەیداندان و ئاڵای نمایشی تونایی خۆیان، بەرزراگرتووە.

تا بەر لەشەپۆلی غەزەبی جەماوەری ئۆکتۆبەر، ئێران لەعێراقدا هەمەکارە بوو، خاوەن قودرەت و پایەکی سەرەکی ڕاگرتنی دەسەڵاتی خۆی بوو لە ناوچەکەدا، ئێستا قونسوڵخانەکانی گڕ دەدرێن، دروشمی دژ بەئیران و ڕاماڵینی لە عێراقدا، هاوشانی ڕاماڵینی دەسەڵات پرسی ڕۆژ و ویستی بزوتنەوەی جەماوەرییە.

هەموو ئەوانە، بەڵگەی ئەوەن کە ئەم بزوتنەوەی ڕاماڵینی دەسەڵاتە، بزوتنەوەیەکی ڕادیکاڵ، شۆڕشگێر، پێشکەوتنخوازە و نەک هەر شایستەی پشتیوانی، بەڵکو بوارێکی گرنگ و چارەنووس سازە بۆ دەخالەتگەری بەکردەوە و بەنەخشەی هەر هێزو لایەنێکی سیاسی چەپ و کۆمۆنیست و ئازادیخواز.

ئەم بزوتنەوەیە خۆهوشیاری و ئاگایی سیاسی جەماوەری بردۆتە سەرەوە. ژمارەیەکی زۆر لە ڕابەرانی دروست کردووە. ڕابەرانی خاراوتر کردووە، ئاستی ریکخراوبوونی پەرەپێداوە، جەماوەری بێبەشی تاڕادەیەکی زۆر بە خواست و مافەکانیان، ئاشناتر کردووە، هاوکاری و هاوخەباتی نێوان دانیشتوانی بردۆتە سەرەوە، ناسنامە ساختە قەومی و دینی و تایفیەکانی تێپەڕاندووە، بێ گویدانە ناسنامە دینی و تایفی و قەومیەکان، جەماوەر دەست لەناودەستی یەکترین، هاوئاهەنگی لە نێوان خەباتی شار و شەقام لەگەڵ بزوتنەوەی کریکاریی و یەکێتییە کرێکارییەکان و ناوەندە کریکارییەکان، دەستی پیکردووە.

هەموو ئەو بەڵگە بینراوانە، نەک هەر ژینگەی بۆ کاری ڕەوت و چەپ و کۆمۆنیستی خۆشکردووە، بەڵکو ئەوانە دەچینە ناو چوارچێوەی ماتریال و پیشمەرجی هەر شۆرشێکی کریکاری و کۆمۆنیستی لە داهاتووی عیراقدا. شۆڕشی کرێکاریی و کۆمۆنیستی، بەبێ هوشیاری سیاسی، بەبێ ریکخراوبوونی کرێکاران لە شوێنی کارو ژیان و ریکخراوە سەربەخۆکانی خۆیان، بەبێ کەشی ئازادی سیاسی، بەبێ بوونی رابەرانی خاراو، بەبێ بەشداری ژنان، بەبێ وەلانانی ڕێگرییەکان و گۆڕانی هاوسەنگی هێز بەسودی جەماوەری بێبەش، ئیمکانی نییە. لە ڕاپەرین و خۆپیشاندانەکانی عێراقدا، زۆر ئاڵوگۆری ئیجابی ڕوویانداوەو پیشرەویەکی زۆر بە سودی جەماوەری خەڵک هاتۆتە ئاراوە. هاوسەنگی هێز بە قازانجی جەماوەری برسی و نارازی گۆڕاوە. ڕەوت گەلی سیاسی بۆرژوازی گورزیان خواردووە و پاشەکشەیان پیکراوە، پشتوانەکانیان، ئێران لە پێشیانەوە لە عێرقدا کرایە نیشانەی تورەیی جەماوەری بۆ ڕاوەدونان و ریسواکردنی بەکردەوە لەلایەن جەماوەری ناڕازییەوە.

دیارە هێشتا بۆ جەنگی کۆتایی مەوایەکی درێژ ماوە، ئامادەیی زۆرتری دەوێ. ریکخراوبوونی لە ئاستی باڵاتری سەراسەری و محەلی دەوێ. لیکهەڵپێکرانی بزوتنەوەی لە گۆرەپان و شارو شەقامەکان، لەگەڵ بزوتنەوەی کریکاریی و ناوەندە کریکارییەکان دەوێ، کە شادەماری مانەوەی یەکلاکردنەوەی قودرەتن. ریکخراوەی جەماوەری رادیکاڵی دەوێ، بەجیا لە رابەران لە ئاستی محەلات و گۆرەپانی تەحریرەکان، رابەری سیاسی سەراسەری دەوێ. لەهەموو ئەوانە چارەنووسسازتر، حزبی سیاسی کۆمۆنیستی دەخالەتگەری خاوەن ئاسۆی رۆشنی سۆشیالیستی بە دیدی دەسەڵات گرتنەوەی دەوێت. ئەو حزب و لایەنە سیاسیەی ئێستا ئامادەی ئەو نەبەردەیە، دەبێ بەدەخالەتگەری و بەرچاو رۆشن، بە ناسینی باڵانسی هیز و توانای رێکخراوکردن، بە بەخۆدەرخستنی لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا بۆ دەسەڵات، لەمەیدانەکەدا لەجەنگی دەسەڵاتدا بەشدار بێت. بڕوا بەسەرکەوتن لە پیشمەرجەکانی ئامادەیی بۆ شۆرشدا هەبێت. لەو ڕاستیەشدا پێداویستەکانی شۆرشی یەکلاکەرەوە بەخەباتی ریکخراو و فەراهەم بکات.

کۆتایی دیسەمبەری ٢٠١٩

بۆپێشەوە
FORWARD
بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە



# دەربارەی داخستنی هەندێك شوێنی ئیسلامی لە فەرەنسا لە لایەن حکومەتەوە

## نووسینی: شوان عەزیز

نووسەرێک بە ناوی: کرِیس تۆملینسن لە ویێبسایيتی برەیتبارت دا لە نووسینێکی کورتدا کە وەک هەواڵیش بڵاوی کردۆتەوە لە ١٧ نۆڤەمبەری ٢٠١٩ دا دەڵێ: حکومەتی فەرەنسا ١٥ شوێن و محەلەو گەڕەکی لەفەرەنسا داخستوون و دەرگاکانی قفڵ داون.

بەپێی ئەم هەواڵە گوایە بەهانەی حکومەت ئەوەیە کە ئەو شوێنانە لەلایەن ئیسلامیزمەوە سەرپەرشتی کراون و لەو شوێنانەشەوە پەرە بە کاری توندڕەوی، جیهادو کاری تیرۆریستی دراوە لە ناو فەرەنساداو تەنانەت کاریان بۆ دەرەوەی فەرەنساش کردووە.

لە ڕاستیدا گرفتە گەورەکە ئەوەیە کە پەیوەندی ئیسلام و جیهادو کاری تیرۆریستی بە شێوەیەک ئاوێزانی یەکتر بوون کە لێک جیاکردنەوەیان بۆتە شتێکی مەحاڵ و هەزاران ساڵیشە بەم شێوەیە بەردەوامە.

ئیسلام وەک دین بە یەکێک لەو دینانە دەژمێررێت کە ئاسمانییەو لە لایەکی تریشەوە یەکێکە لەو سێ دینەی کە سەر بە خێزانی ئیبراهیمن. دینی ئیبراهیمی پێدەگوترێت.

ئایینی ئیسلامی بە پێی داتاو بەڵگەکان یەکێکە لەو دینانەی کە لە هەموو ئایینەکانی تر بە ئاسمانی و زەمینییانەوە زیاترو خێراتر گەشەی کردووەو بەردەوامە لە مانەوەو گەشەو بڵاوبوونەوەی.

ئەم خێراییە بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلامیش وەک شارەزایانی ئەو بوارە لێکۆڵینەوەیان لەسەرکردووە، ئاماژە بە هەندێک هۆ دەدەن کە لێرەدا من ئاماژە بە هەندێکیان دەدەم بۆ نموونە:

١- ئەم ئایینە وەڵامی هەیە بۆ هەر پرسیارو کێشەیەک، وە پلانی هەیە بۆ هەر ئەزمەو قەیرانێک (دیارە لە دیدی تێکستەکانی خۆیەوە). زۆر جارانیش لە زۆر شوێنان بڕوای بەدەوروبەر هێناوە و خەڵک باوەڕیان پێکردووەو بەدوای کەوتوون. ئاشکرایە کە لەونێوەدا لە جێبەجێکردنی ئەو پلانەشیدا لە زۆر شوێنان و کاتاندا توندوتیژیشی بەکارهێناوە. ئەو ئایینە خۆی هەڵدەقورتێنێ لە مەسەلەی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، سەربازی، ئیداری، تەندروستی، هتد.. بە کورتی و بە ڕوونی ئەو ئایینە ئامادەیە خۆی بدا لەقەرەی هەر بابەت و مەسەلەیەکی دنیایی و ئەودیو دنیاش. ئەمەش هێزێکی وای داوەتێ کە زوو تەشەنە بکات و بەردەوامی بەژیانی خۆی بدات. تەنانەت ئەو ئایینە ئامۆژگاری هەیە کە دەچیتە ئاودەست، دەبێ چۆن دابنیشی و قورساییت بخەیتە سەر کام لایەی لەشت بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی تەندروست پاشەرۆکە دابەزێنی!!.

٢- ئەو ئایینە توانای خۆگونجاندنی لە ڕادەبەدەر بەهێزە لەگەڵ دەوروبەریدا. بۆ ماوەیەک نامۆ دەبێت، بەڵام ئارامی هەیەو زۆری پێناچێت نامۆییەکەی لەنێو ژینگەکەدا نامێنێ.

٣-تێکستی قورئان و قسەی پێغەمبەرەکەیان لەگەڵ تەجرووبەو قسەو مێژووی ڕابەرە دیارەکانی ئەو ئایینە بە جۆرێکە کە دەتوانرێت چەندین خوێندنەوەی بۆ بکرێت. دەتوانرێت لێیان دەربهێنرێت و لێیان بدۆزرێتەوە کە گونجاو بن بۆ بە کارهێنانیان لەچەندین شوێنی جیاجیادا، لە نێو نەتەوەی جیاجیادا، لە نێو ئایینی جیاجیادا. واتە هەمبانە بۆرینەکەی هەژار موکریانییە هەموو شتێکی تێدایە. دەست پێداکەو بهێنەرە دەرێ..

٤- ئەو ئایینە تێکستی هەیە بۆ شەڕ وەک بۆمبی ئەتۆمی کاریگەری هەیە و بۆ ئاشتی و پێکەوە ژیانش تێکستی هەیە کە گورگ و مەڕ دەبێ بەیەکەوە هەڵبکەن. تێکستی هەیە بۆ هەڕەشەو تۆقاندن و ترساندن و هیچ دەزگایەکی ڕاگەیاندنی شەڕ تا ئەو سەردەمەش ناتوانێ بیگاتێ. لە لایەکی تریشەوە تێکستی هەیە بۆ ئاشتی و خۆ تەسلیم کردنی بەرامبەر کە دەبێتە هەنگوین و دەمت ئاو دەکا بۆی.

٥- ئیسلامی سیاسی کە کاکڵەو بڕبڕە پشتی مانەوەی ئەو ئایینەیە، بۆ هەر نەتەوەو شوێنی جوگڕافیەک جۆرێک لە تێکست و جۆرێک لە تەفسیرو حەدیس بەکاردێنن. بۆ نمونە لە سعودیە جۆرێک لە تێکست بەکاردێنن کە ئەوانە لە کەنەداو ئەمەریکاو ئوستراليا بەکارناهێنن وتەنانەت لە نێو بڵاوکراوە ئیسلامیەکانیشیاندا نایان بینی.

٦- ئەو ئایینە کە ئیسلامی سیاسی پێشڕەویەتی هەر کاتێ وە لەهەر شوێنێ کەمینەیە داوای دیموکڕاسی و بەئاشتی پێکەوە ژیان دەکات و وردە وردەش هەوڵی ئەوە دەدا کە یاساکانی خۆی پلە پلە بە هێواشی بچەسپێنێ لە نێو هەندێک شوێن و دەزگای دەوڵەتی و ئەهلیدا، بەڵام کە دەبێتە زۆرینەو ژمارەیان بەرز دەبێتەوە ئیتر دیموکراسی باوی نامێنێ و تێکستی ئاسمانیان ئامادەیە کە یاساو شەریعەتی ئاسمانی فەرز بکەن.

٧- ئیسلامی سیاسی کە ڕابەرایەتی دینی ئیسلامی دەکا دینێکی سەرتاسەری جیهانییەو بە چەندین ئاراستە کار دەکات. چەندین باڵی هەیە. بۆ نموونە باڵی سەربازی. ئەو باڵە سەربازیەش چەندین شێوەو جۆری هەیە کە بە پێی پێویست و شوێن و کات هەیانە توندوتیژن و سەربڕن وە هەشیانە لەهەندێک شوێن و کاتی تر میانڕەو و هێواشترن. باڵە مەدەنیەکەشی چەندین شێوەو جۆری هەیەو ئەویش میانڕەو و توندڕەوی هەیە. هەموو ئەمانەش بە مەدەنی و سەربازیانەوەو بە توندڕەو و میانڕەویانەوە یەک جۆر لە بەڕێوەبەرایەتیان دەکات ئەویش ئیسلامی سیاسیەو ئەو ئیسلامیە سیاسیەش پشتی بە تێکست و حەدیس و ڕابەری ئیسلامی و مێژووی ئیسلامی بەستووە. ئەمە هەروا هاتووەو هەرواش دەڕوات. تەکتیک و جۆری خەبات و سیاسەتی ئیسلامی سیاسیە کە ئیسلام خوودی خۆی ئایینێکی سیاسیە. لە کۆتاییدا و هێزی هەموو ئەو باڵ و دەستانە دەبێتە ئاوی گەڕاندنی یەک ئاش کە ئەویش ئایینی ئیسلامە. وەک کورد دەڵێ: هەموو ڕێگا دەچنەوە بانێ...

٨- بازاڕی ئازادو تێکەڵاوی کەڵچەرەکان. وڵاتانی ئەوروپاو ڕۆژئاوا وەک وڵاتی پیشەسازی داواکاری سەرەکی نەوت کە بەرهەمی نەوتی خۆیان لە وڵاتانی خۆیاندا بەشیان ناکات بۆ ئەم مەبەستەش پەنا دەبەنە بەر وڵاتانی ئیسلامی و ئەوانیش داواکاری سیاسی و ئایینی خۆیان دەسەپێنن. بۆ نموونە ئێستا دەبینین کە سعودیە بە سەدان هەزار مزگەوتی لە تەواوی وڵاتانی ڕۆژئاواییدا کە مەسیحی نشینن کردۆتەوە.

٩- ئیسلامی سیاسی زۆر لێزانە لە قۆستنەوەی شێوە سیستەمی سیاسی و بەڕێوەبردنی وڵات کە دیموکراسیە لە وڵاتانی ڕۆژئاوا بە قازانجی گەشەکردنی خۆی بە کاری بهێنن.

ئەوانەی سەرەوە هەموو ئەو هۆیانە نین کە ئیسلامیان وا لێکردوە بە خێرایی گەشە بکاو بڵاو بێتەوە بە جیهاندا، بەڵکو بەدەیان و بەسەدان هۆی تریش هەیە بۆ نموونە ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری، نەخوێندەواری، برسێتی، بێتوانایی و بێهێزی لە زاڵ بوون بەسەر سرووشتداو تێگەیشتنی بۆ نموونە کارەساتە سروشتیە وێرانکەرەکان و نەبوونی باران و هاتنی وشکەساڵی، ترس، مردن، یاخوود بە شێوەی داگیرکاری و کوشت و بڕین وەک ئەوەی کە داعش کردی، وە بگرە چەندین هۆی تریش... ئیتر هەر بژمێرە. هەمووی هەر لە بەرژەوەندی ئاییندایە، چونکە ئایین دەیسپێرێ بە ئەودیوی نادیار.

بەڵام لەسەرووی هەموویانەوە سیاسەت و بەرژەوەندی سیستەمی سەرمایەداری کە بەشێوەیەکی گشتی دین و مەزهەبی ئاسمانی زۆر لا گرنگەو هەمیشە لە پشتیەتی وە بە تایبەتی زۆر پشتی ئایینی ئیسلامی گرتووە کە زۆر لەبەرژەوەندی ئەو سیستەمە سەرمایەداریەی ئێستادایە.

کەواتە کورتەی قسە ئەوەیە: ئەوە تێکستە ئیسلامیەکەیە، ئەوە مێژووی ئیسلامە کە هەر خۆیان نووسیویانەتەوەو شانازیشی پێوە دەکەن، ئەوە قسەو کرداری هاوکاران و هاوڕێیانی پێغەمبەری ئیسلامە و ئەوە بە گشتی مێژووی ئیسلامە لە دوای سێزدە ساڵی مەکەیەوە تاکو ئەمڕو، بە کەمێک جیاوازیەوە، کە وای کردووە هەر کاتێک باس هاتە سەر جیهادو کاری تیرۆریستی یەکسەر ئایینی ئیسلامت بێتە ناو مێشک.

بە پێی هەندێک سەرچاوەی فەرەنسی وەک وراپۆرتی (لەپارتیسیان) وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری ناوخۆ بە ناوی لۆرەنت نونەز بە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ڕاگەیاند کە حکومەتی فەرەنسا هەستا بە داخستنی ١٣٠ شوێنی خواردنەوەو ١٢ شوێنی خوداپەرستی کە مەبەستیان دیارە مزگەوت بووە (ش ع) و ٣ خوێندنگای ئیسلامی و لەگەڵ ٩ شوێنی تر کە وەک دامەزراوە کاریان کردووەو سەلماوە کە ئەو جۆرە لە ئیسلامیزمە سەرپەرشتیان دەکات کە برەو بە جیهادو کاری تیرۆریستی دەدا لە فەرەنسادا.

ئەم وەزیرەی دەوڵەتی فەرەنسا بە میدیاکانی فەرەنسای ڕاگەیاند کە "ئێمە شەڕ دەکەین و دەجەنگین لە دژی ئیسلامی سیاسی ڕادیکاڵ واتا توندڕەو (ش ع). " ئەو وەزیرە ئەوەشی ئاشکرا کرد کە "ئەو ئیسلامیە سیاسیە ڕادیکاڵانە یاسای خودایان پێ باشترە لە یاسایەک کە فەرەنسیەکان بۆ خزمەتی ئینسان دایان ناوە. ئەوان دەیانەوێت یاسای ئێمە لابەرن و یاسای خۆیان دابنێن. ئەوان دەیانەوێت پێمان بڵێن یاسای خودای ئەوان لە یاسای ئێمە باشترە بۆ ئیسان، بەڵام هەرگیز ئەمە قبوڵ ناکەین."

هەر لە سەرەتای ئەم ساڵی ٢٠١٩ وە لە مانگی نیساندا سەرۆکی فەرەنسا، ئیمانیوێل ماکڕۆن ڕای گەیاندو بەڵێنیدا کە بەرەنگاری ئیسلامی سیاسی ببێتەوە.

هەر لەو بارەوە شارەزا لە بواری ئیسلام و ئیسلامی سیاسی، حەکیم کەرۆوی، کە لە بنەچەدا تونسییە ڕاپۆرتێکی دوورودرێژی دا بە سەرۆکی فەرەنسا دەربارەی ئیسلامی سیاسی. حەکیم لەو ڕاپۆرتەیدا بۆ سەرۆکی فەرەنسا ڕێکارەکانیشی ئاشکرا کردووە کە چۆن دەتوانرێت ئیسلامی سیاسی پێشی پێبگیرێت لەفەرەنسادا و پێشنیاری ئەوەی بۆ سەرۆک کردووە کە کاری لەسەر بکات.

هەر ئەو شارەزایە لە ئیسلامی سیاسی لە ڕاپۆرتەکەیدا بۆ سەرۆکی فەرەنسا ناوی ئەو دەوڵەتانەشی دیاری کردووە کە پشتی ڕاستەوخۆی ئیسلامی سیاسی ڕادیکاڵن لەفەرەنسادا و لە جیهانیشدا. بۆ نموونە ناوی تورکیاو سعودیەی هێناوە.

جێگەی باسە کە فەرەنسا ژمارەیێکی زۆری موسڵمان تێدایەو ئیسلامی سیاسی، بە قەولی خۆیان ڕادیکاڵێش، قورسایی زۆری خۆی هەیە لەنێو موسڵمانانی فەرەنسادا بە گشتی و بە تایبەتیش ئەوانەی کە ئەسڵیان سەر بە مەغریب و جەزائیر و تونسن. هۆیەکەشی وەک باس دەکرێت مێژووی حکومەتی فەرەنسایە لە داگیرکاری بۆ سەر ئەو وڵاتانە.



# دەکرێت شۆڕشی چەوساوەکان سەرکەوتوویێت

## نووسینی: عبدالرحمن رسول

تێکۆشانی بەدەستهێنانی نان و کارو ئازادی پێویستە تێکۆشانی هەموو دڵسۆزانی هێنانەدی کۆمەڵگەیەکی باشتربێت. چەوساوەکان و کۆیلەکان بەردەوام خوێنیان داوە وشیلەی گیانیان لەلایەن چەوسێنەرانەوە مژراوە و بێڕوحمانە ئازارو ئەشکەنجەو چەوساونەتەوە. ئەوا لەقۆناغی ئێستا خۆشبەختانە مرۆڤە چەوساوەکان وشیاربوونەتەوە و هاتونەتە سەر خیابانەکان بەیەکگرتووانە داوای هێنانەدی کۆمەڵگەیەکی باشتر دەکەن، کە هەموویان بێ جیاوازی ببنە خاوەن نان، کار، ئازادی، خۆیان و خانەوادە و هاوڕێکانیان ئاسوودەو خۆشگوزەران بژین. بۆئەوەی خواست و ئامانج و داواکاری چەوساوەکانی ناو خیابانەکان وشۆڕشگێڕانی ڕاپەریو بەدیبێت، دەبێت دڵسۆزانی هێنانەدی کۆمەڵگەیەکی ئازاد و بەرابەری مرۆڤەکان باشتر بێنەمەیدان لەبواری تێکۆشانی کرداریدا. پێویستە تێکۆشانەکان تەنها لەچوارچێوەی نووسین وخستنەڕووی ئامۆژگاری وپێنشارەکان نەبێت، بەڵکو پێویستە باشتر لەڕابردوو هەنگاوبنێین .

ئەم وتەیەی کارڵ مارکس بۆ قۆناغی سەردەمی ئێستا زۆر گونجاو ڕاستە کە دەڵێت (کاتی تواندنەوەی تایەفە سۆشیالیستیەکانە لە بزووتنەوەی چینایەتیی پرۆلیتاریادا )

هەر وڵات و کۆمەڵگەیەک بگریت بەگشتی و لەئێران وعێراق بەتایبەتی چەندەها حیزبی چەپ و کۆمۆنیست و شیوعی هەیە هەر یەکەیان خۆی پێ لەوانی تر سۆشیالیستی ترو چەپ وکۆمۆنیست ترە بۆ دڵسۆزیان بۆ هێنانەدی مافەکانی کرێکار و زەحمەتکێش و چەوساوەکانی کۆمەڵگە، بەڵام کاریگەرییان وەکو هێزی کۆمۆنیستی و چەپ لەسەر گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگ زۆر لاوازە، سەرەڕای هەبوونی ڕادەی زۆری چەوسانەوە و نایەکسانی ونابەرابەری وبێکاری وهەژاری لەکۆمەڵگەدا، لەلایەکی تر هەبوونی وشیارییەک لەلایەن خەڵکی چەوساوە و کرێکار وهەژار بۆ هاتنە سەر خیابان وتێکۆشان بۆ هێنانەدی ماف وئازادییەکانیان، بەردەوام بوونی نارەزایەتی و تێکۆشانەکان وێڕای سووربوونی خیابانەکان و زیندانەکان بەخوێنی جەستەی ئازادیخوازان و چەوساوەکانی کۆمەڵگە. لەنێو ئەو ڕاپەڕین و شورشەدا چەپ و کۆمۆنیست و شیوعییەکان بەهۆی پرش و بڵاویانەوە کاریگەرییان لاوازە و وەکو پێویست نییە کەبتوانن ببنە ڕابەرو سەرکردەی شۆڕشی چەوساوەکان لەقۆناغی ئێستادا، سەرەڕای تێکشکان وشکستی بەرەی ناسیۆنالیستی و دینی و بۆرژوازی لەنەخشەی ئیدارەدانی کۆمەڵگە و دەوڵەتدارییاندا.

ئەگەر حیزبە کۆمۆنیست و چەپ وشیوعییەکان بەقسەی کارڵ مارکس بکەن دەتوانن گۆڕانکاری داهاتوو کە بەهۆی شۆڕش و ڕاپەرینەکانەوە ڕوودەدات لەبەرژەوەندی چینی کرێکارو چەوساوەکاندا بێت، هێزی فکری مرۆڤایەتی وئازادیخوازی ویەکسانیخوازی تێدا بەهێز بکەن، کۆمەڵگە لەڕێگای شووراکانی خەڵکەوە ئیدارە بدرێت و نان، کار، ئازادی و ژیانێکی ئاسوودە و بەختەوەر بۆ چەوساوەکان بەدیبێت.

وشیاری خەڵک لەئاستێکی زۆر باشدایە بۆڕەتکردنەوەی بەدیل ودەسەڵاتی دینی وقەومی وحیزبی کە شایانی دڵخۆشی هەموو مرۆڤێکی ئازادیخواز ویەکسانیخواز ومرۆڤ دۆستە. لەکاتی هەڵبژاردنی پەرلەماندا زۆرینەی خەڵک دەنگی بە دەسەڵاتداران و چەوسێنەری سەرمایەی ئێستا نەداوە. بەزۆر بەبێ خواستی خەڵک لەدەسەڵاتدان و وازیان لەدەسەڵات نەهێناوەو نە وازیان لە تاڵانی ودزی وگەندەڵی وسەرکوت هێناوە، ئێستا زۆرینەی خەڵک هاتونە سەرجادە دەڵێن ئێوەمان ناوێت لەجیاتی دەست بەرداربوون لەدەسەڵات دەیانگرن دەیان فرێنن ودەیان وکوژن، لەبەندینخانەکاندا ئازارو ئەشکەنجەیان دەدەن، دواتر لەسێدارەیان دەدەن. کەچی بەرپرسانی دەسەڵات زۆر بێ شەرمانە هەرکە دێنە سەر شاشە تەلەفیزیۆنەکانیش دەڵێن داخوازیەکانی خۆپێشاندەران ڕەوایەو پشتگیری لێدەکەین. زۆرینەی خەڵکی ڕاپەریوی سەر خیابانەکان متمانەی بەوجۆرە قسەو بەڵێنانەی بەرپرس وچەتەکانی دەسەڵاتی چەوسێنەر نییە. خەڵک دەڵێت نابۆ دەسەڵاتی تائیفی وئاینی تاڵانچی وخوێنرێژ، سەرکەوتوبێت خەباتی ئازادیخوازانەی خەڵکی بێبەش ناڕازی.

بەهۆی چەتەو مافیاکانی ئیسلامییەوە لەماوەی چەند ڕۆژێکی نارەزایەتی وخۆپیشاندانەکانی خەڵکی ئازادیخوازی ئێران وکوردستان لەژێردەسەڵاتی فاشیزمی ئیسلامی ئێراندا بەهۆی نارەزایەتییەکانەوە زیاترلە٣٠٠کەس کراوەتە قوربانی و ٤٠٠٠ کەس بریندارە ١٠٠٠٠ زیندانیکراون.

وەڵامدانەوەی بەم جۆرەی دەسەڵاتی سەرکوتی ئێران و هاربوونی ئەم فاشیزمە نیشانەی گۆڕ هەڵکەندنی خۆیەتی، چونکە ئەگەر ئەم جارەش بەزەبری هێزو کوشتن وفشارهێنان نارەزایەتی وخۆپیشاندانەکان خامۆش بکات ئەوە بەدڵنیاییەوە هەر ئەو خوێنەی ڕژاوە دەبێتە کڵپەی شۆڕشێکی بەهێز کە لەڕەگەوە ئەورژێمەو سیستەمە بۆگەن و دژە مرۆڤایەتییەکەی بروخێنێت وکونە مشک لەمەلا و ئاخوندە مرۆڤکوژەکان بکاتە قەیسەری. ئەمڕۆ وەکو دوێنێ نییە!

خەڵکی شۆڕشگێری سەرشەقامەکان، کاتی گوێگرتنیان لە قسەی فەیلەسوفی درێژدادڕ و ئاخوندی فێلباز و سیاسەتمەداری درۆزن نەماوە! باوەڕیان بە ئۆپۆزیسیۆنی بازرگانی ساختەچیش نییە، کە لەژێرەوە بەناوی خەڵکی شۆڕشگێڕ لەپێناو بەرژەوەندی خۆیان، جارێکی تر ڕژێم لە ڕوخان ڕزگار بکەن، داوای دانوسان و دانیشتن و ڕێکەوتن لەگەڵ بەرپرسانی ئەم فاشیزمە بکەن. خەڵکی ئازادیخوازی شۆڕشگێر خەریکی هەڵکێشان و بڕینەوەی درەختی کۆنەپەرستین، ڕیشەکەی تەنها لە ئێران نییە، زۆربەی وڵاتانی ناوچەکەی گرتۆتەوە، بەڵام فاشیزمی ئیسلامی ئێران کارگەی بەرهەمهێنانی بیروباوەڕی کۆنەپەرستی وتوندڕەوی وتیرۆریستییە لەناوچەکەدا. ئەگەر تا دوێنێ و ساڵانی ڕابردوو بە نهێنی و ترسەوە، باسی ڕوخانی ڕژێمی ئیسلامی و دامودەزگاکانی دەکرا، ئەمڕۆ بە ئاشکرا خەڵکی ئازادیخوازی ناڕازی لەخیابانەکان ئاگر لە شوێنە پیرۆزەکانی کۆماری پەت و سێدارە بەردەدەن، وێنەکانی خومێنی وخامەنەیی وجانەوەرەکانی دەسەڵات دەسووتێنن ودەدڕێنن. ئەمڕۆ خەڵکی شۆڕشگێڕ بە ئیرادەو بیروباوەڕێکی بەهێزەوە، هاتونەتە مەیدان و دەیانەوێت، کۆتایی بە دەسەڵاتی هەڵاواسین و تیرۆر، بەردباران و حیجاب، زوڵم و ستەم، ئاخوند و کۆنەپەرستی بهێنن.

دەرهێنانی ڕیشەی داری کۆنەپەرستی پێویستی بە پشتیوانی جیهانی و ناوچەکەیی هەیە، خۆپیشاندان و نارەزایەتی لە دەرەوەی وڵات، پشتیوانیەکی گەورەیە بۆ سەرکەوتنی شۆڕشی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێشی ئێران و عێراق. دەستیان خۆش بێت و ماندوونەبن، بەڵام لاوازی ئەم خۆپیشاندانانە لەوەدایە کە زۆر پرش و بڵاوە وبێ بەرنامەیی پێوە دیارە. پلاتفۆرمێکی ئینسانی و ئازادیخوازی هەڵنەگرتووە کە مۆری خۆی لەشەقام و ناوەندە ئەورووپی وجیهانی بدات. واتە نەیتوانیوە جیهانی مرۆڤایەتی وئازادیخوازی ومرۆڤ دۆستی بەلای خۆی کێش بکات. هەربۆیەش کەمترین قسەی لەبارەوە نەکراوە. بۆسەرکەوتنی ڕاپەرین وشۆڕشی چەوساوەکان دەکرێت ئەمە زۆر باشتربکرێت ئەویش بەمەرجێک دڵسۆزانەترو لێهاتووانەتر خەڵکی کۆمۆنیست وچەپ و مرۆڤ و دۆست وئازادیخوازان بێنەمەیدان لەتێکۆشان بۆپشتیوانی نارەزایەتییەکانی خەڵکی ئێران و کوردستان. ئەویش بەهەڵگرتنی پلاتفۆرمێکی جیاوازتر لەڕابردوو بە بەرزکردنەوەی نەخشە ڕێگایەک دوور لەحیزبایەتی و گرووپبەندی وراێکخراوبەندی ئامانج خستنەڕوویی تاوانەکان و وێنەی قوربانییەکان و دروشمە ئازادیخوازی ویەکسانیخوازەکان وپشتیوانیکردن لەداواکاری و خواستە ڕەواو بەرهەقەکانی خەڵکی ئێران و کوردستان. پێویستە لەڕووداوە مێژووی و شۆڕشەکان فێربین بۆ ئەوەی لەشۆڕشی ئەم جارەی چەوساوەکان سەرکەوتووبین. هەروەک ڕۆزا لۆکسمبۆرگ دەڵێت (مێژوو تەنها مامۆستای ڕاستەقینەیە، شۆڕش باشترین قوتابخانەی پرۆلیتارایایە (چینی کرێکار)). حیزبەکۆمۆنیست شیوعی وچەپەکان ئەرکێکی گرینگ وپێویستیان لەبەردەمدایە کە پێویست دەکات بێ دوودڵی دڵسۆزانە ئەنجامی بدەن ئەویش هەنگاوێکی جدی وکرداری بنێن بۆ تێکۆشانی هەماهەنگ، کاری لەسەر بنەماو پرۆژەیەکی ئینسانی و ئازادیخوازی وبەرابەری دوور لەگۆشەگیری وسێکتاریستی وحیزب وگرووپ بەندی بکرێت. ئەبێت ئەوە بزانین لە قۆناغی ئێستادا کێشەیەک لە ئێران و عێراق و کوردستان هەیە ئەویش ئەوەیە حیزبە کۆمۆنیست وچەپەکان پرژو بڵاون وکاریگەرییان لاوازە، بەڵام کێشەی گەورەتر ئەوەیە حیزبە کۆمۆنیست وچەپەکان نایانەوێت لەڕێگەی بزووتنەوەی جەماوەری خەڵکەوە بزووتنەوەی شوورایی بێتەکایەوە. حیزبە کۆمۆنیستەکان دەیانەوێت لەڕێگای حیزبە کۆمۆنیستەکانەوە جەماوەر ئاراستەی دامەزراندنی شووراکان بکات، ئەم کارەش لەتوانا وهێزی حیزبە کۆمۆنیستەکاندا نییە. بۆیە چارەسەر ئەوەیە لەبارودۆخی ئێستایی شۆڕش و ڕاپەرینی خەڵکی ئێران و عێراق و خەڵکی ناڕازی کوردستاندا کە بزووتنەوەی جەماوەری خەڵکی ڕاپەری و ناڕازی ئاراستەی هەڵبژاردنەکانی شووراکانی خەڵک بکرێت جێبەجێکردنی ئەم نەخشە ڕێگایە محاڵ نییە. چونکە لەئێستادا لەناو گۆڕەپانی تەحریر خەڵک کاری هەرەوەزی کاری خۆبەخشانەی خۆی دەکات، نموونەش وەک شەقام بۆیاخکردن و گواستنەوە وچارەسەری برینەکان و دروستکردنی درعی خۆپارێزی و خواردن دروستکردن و ..هتد. کەواتە تەنها کار ئەوەیە حیزبە کۆمۆنیست وچەپەکان کار لەسەر ئەم گیانی هاوکاری و هەرەوەزکارییە بکەن بکرێنە کۆمیتەی شوورایی شۆڕشگێڕی گەرەک وشارەکان.

چۆن لەژێر سایەی فاشیزمی ئیسلامی ئێراندا، لەئێران و ڕۆژهەڵاتی کودستان خەڵک لەخیابان وبەندیخانەکان خوێنی خیابان وبەندیخانەکان سوور دەکات لەعێراقیش بەدەستی هێزە مافیا وچەتەکانی ئیسلامییەکانی پارێزەرانی دەوڵەتی ئیسلامی عێراق خەڵکی تێکۆشەری ئازادیخوازی ناڕازی لەخیابان وکوچەی شارەکان و بەندینخانەکان خوێنی خیابان وبەندیخانەکان سوور دەکات، بەئاشکرا بەر گوللە و فیشەک دەدرێن. ڕاگەیاندنەکان ئەمڕۆ لە عێراق بڵاویانکردەوە کەعێراق ڕۆژێکی خوێناوی بەڕێکرد ئاژانسی هەواڵی رۆیتەرز لەزاری چەند سەرچاوەیەکی تەندروستیەوە بڵاویکردۆتەوە، هێزە ئەمنیەکانی عیراق ئەمڕۆ لە شاری نەجەف ٢٨ خۆپیشاندەریان کوشتووە. هەروەها بە پێی چەند سەرچاوەیەکی تر عێراقی لە پارێزگای ناسرییە ٢٥ خۆپیشاندەر و لە زیاقار ٨ خۆپیشاندەر کوژراون تێکڕای خۆپیشاندەرانی کوژراو بۆ ٢٨/١١/ ٢٠١٩پێنج شەممە بریتتیە لە ٥٩ کوژراو و بە سەدان کەسی تریش بریندار بوون هەر چەندە لە ماوەی خۆپیشاندان ونارەزایەتی خەڵکی تێکۆشەری عێراق بەسەدان قوربانی و بەهەزاران بریندار وبەهەزاران زیندانی کراو هەیە. کەواتە لەعێراقیش دەسەڵات لەڕێگای چەقوکێش ومافیاو چەتەکانەوە دەپارێزرێت ودەیانەوێت بەکۆمەڵکوژی وسەرکوت وەڵامی خەڵکی ناڕازی وخۆپیشاندەرانی ئازادیخواز بدەنەوە. ئەمەش نیشانەی ئەوەیە دەسەڵات باکی لەکوشتن و زیادبوونی قوربانیکردنی خەڵک نییە. ئەودەسەڵاتە تەنها دەیانەوێت بەرپرسە دزو گەندەڵکاران وکۆنەپەرستان لەدەسەڵاتدا بمێنن. بەمەش ئەم دەسەڵاتە خۆی گۆڕی خۆی هەڵدەکەنێت، چونکە تا خوێن زیاتر بڕژێت لەخیابان و بەندینخانەکان ئەوا ئەگەری بەهێزبوون و گەشەی شۆڕشێک دێتە ئاراوە کە لەداهاتووی نیزیکدا خەڵکی ناڕازی بەیەکگرتوویی وتێکۆشانی باشتر سیستەمی چەوسێنەر لەڕەگەوە دەڕوخێنن و ژیانێکی باشترو کۆمەڵگەیەکی باشتر بۆخۆیان بنیاد دەنێن. دەرئەنجام دەبێت ئەم قۆناغەش بگۆڕدرێت بە قۆناغێکی تر، چونکە بەم جۆرە نامێنێتەوە. بۆئەوەی لەبەرژەوەندی خەڵکی چەوساوەی ناڕازی و ئازادیخوازو یەکسانیخواز وەرسورێت پێویستە ڕاپەرین وشۆڕشی لەئێستادا خەڵکی ناڕازی دەست بە کاری ڕێکخراوەیی خۆیان ببەن بە ئاراستەی ئیدارەدانی کۆمەڵگە وخۆپیشاندانەکانیان، ئەرکی حیزبە کۆمۆنیست وچەپەکان وئازادیخوازەکان لەم قۆناغە دەستبردنە بە ڕێکخستن وتێکۆشانی هاوبەش ویەکگرتووانەیە بە ئاراستەی ئیدارەدانی شوورایی کرداریدا، چونکە بەبڕیاردانی شوورایی، کۆمەڵگ ئاراستەی کردنەوەی ئاسۆیەکی نوێی ئینسانی یە و بەدیهێنانی ماف وئازادی و خۆشگوزەرانی بۆ هەموانە بەبێ جیاوازی، کەبەمەش کۆمەڵگەیەکی باشتر دێتەدی.



پرسی ژن

تووندوتیژی دژ بەژنان، لە هەڕەشەو سوکایەتیەوە بۆ لێدان و تیرۆرکردن، یان ناچارکردنی ژنان بە خۆکوژی، دیاردەیەکی شەرماوەری کۆمەڵگەی کوردستانە... بەمەبەستی تاوتوێکردنی بنەماو هۆکارە سەرەکیەکانی توندوتیژی و ڕێگەگرتن و کۆتاییهێنان بەو دیاردەیە، بۆ پێشەوە، ئەم تەوەرە تایبەتییەی کردۆتەوە کە لەهەر ژمارەیەکی دا لە ڕێگای وتار، دیمانە، راپۆرت، بابەتی وەرگێڕدراو... تیشك دەخاتە سەر هەلومەرج و پرسی ژنان و خستنە ڕووی ئەزموون و ڕێگاچارەی ئینسانی و یەکسانیخوازانە..



بەرپرسی گۆشە: شوانە حەسەن

بۆ پەیوەندی و ناردنی بابەت:

shwana.journalist@gmail.com

?

# تووندوتیژی دژی ئافرەت تایبەت نییە بە شوێنێکی دیاریکراو

**نووسینی: هەناسە عەزیز**

لەهەموو وڵاتانی جیهان توندتیژی دژی ئافرەتان دەکرێ جا کەم بێت یان زۆر، بەڵام لەوڵاتێک بۆ وڵاتێکیتر جیاوازە. توندوتیژی هەر جۆرێک بێت دەروونی بێت، جەستەیی بێت، کۆمەڵایەتی بێت. توندوتیژی تەنیا ئەوە نییە جەستەی ئافرەت ئازار بدرێت. سەبارەت بەوەی کەدەپرسین ئەوهۆکارانە چین کەوا دەکات ئافرەت توندوتیژی بەرامبەر بکرێ؟ هۆکاری ئەمەش کەئافرەت زیاتر توندتیژی بەرامبەر دەکرێ بۆ کۆمەڵێ هۆکار دەگەرێتەوە، لەوانەش پیاو هەمیشە ئافرەت وەک کۆیلەی خۆی دەبینێ. هەمیشە ئافرەت وەک تاکی پلە دووەم سەیر دەکا لە ناوخێزاندا. پیاو لەخەیاڵی خۆی وای داناوە کەئافرەت تەنیا کۆمەڵێ ئەرکی لەسەرشانە بێ ئەوەی هیچ مافێکی هەبێ. ڕەنگە ئەمەش کاریگەری باوک سالاری بێ کە هێشتا ماوە بەسەر کۆمەڵگەی ئێمە. ئێمەش کە بەم شێوەیە باسی پیاو دەکەین دیارە مەبەستمان هەموو پیاوێک نییە لەگەڵ ڕێزم بۆ باشەکان بۆ ئەوانەی تێگەیشتوون. زۆرجار ژنان بەبیانوی لادان لەنەریتی باو باپیرانەوە وە لەکەدارکردنی شەرەف لەلایەن هاوسەرەکانیان توشی توندوتیژی دەبنەو هەندێ جاریش ئەمە دەگاتە حاڵەتی کوشتن هەر وەک لە یاسای سزدانی عێراقی ژمارە (١٨٨)ساڵی(١٩٦٩) هەموار کراو بەرکار لەهەرێمی کوردستاندا، مادەیەک هەیە سەبارەت بەسوککردنی سزای ئەو پیاوەی کە خێزانەکەی یاخود یەکێک لە کارە نەشیاوەکانی ببینێ وەکو حاڵەتی زینا دەست بەجێ بیان کوژێت. لێرەدا سزای ئەم پیاوە سوککراوە بەزیندانیکردن بۆ ماوەیەک لە سێ ساڵ زیاتر نەبێ، بەلام ئەم مادەیە لە هەرێم کاری پێناکرێ و ڕاگیراوە. هۆکاری راگرتنەکەشی بۆ ئەوە دەگەرێتەوە کەوا ئەم مادەیە زۆرجار بەکار دەهات لەلایەن پیاوەکانەوە بەمەبەستی ڕزگاربوونیان لە خێزانەکەیان، کاتێ دەیان ویست لێیان جیاببنەوە جا بەهەر هۆکارێ بێ. هۆکارێکی تر کە ئێستا زۆرە ئەویش بەکارهێنانی مادەی بێ هۆشکەرە، مادە سرکەرەکان لەلایەن بەشێک لە پیاوانەوە. کاتێ دەچنە ماڵەوە بە سەرخۆشی ئیتر دەکەونە گیانی خێزانەکەیان و ئەشکەنجەیان دەدەن، بەراستی بەکارهێنانی ئەم مادانە بەرێژەیەکی زۆر بڵاوبۆتەوە، دیارە هۆکار گەلێکی زۆر هەن بۆ ئەنجام دانی توندوتیژی لەلایەن پیاوانەوە دژی ژنان کە لێرەدا رەنگە نەتوانین باسی هەموو هۆکارەکان بکەین، هەروەها کە دەپرسین ئایا ئافرەت تاچەند هۆکارە بۆئەوەی توندوتیژی بەرامبەری ئەنجام بدرێت لەلایەن پیاوانەوە. دەتوانین بلێین ژنان زۆر بەدەگمەن هۆکاری توندوتیژی پیاوانن بەرامبەریان. ئەگەر چەند حاڵەتێک هەبێت کە ژنان هۆکاربن، بەهیچ جۆرێک ئەو راستیە ناشارێتەوە، کە توندوتیژی بەرامبەر بەژنان لەلایەن دەسەڵات، پیاوسالاری، یاساکان، خوێندن و پەروەردەی ناتەندروست، کۆمەڵگە و خێزان، راستیەکی بەبڵاوەو نکوڵی لێکردن هەڵناگرێت. بێگومان ژنانێک هەن هەمیشە داواکاری قورس لەپیاوەکانیان دەکەن، کەقابیلی جێ بەجێکردن نییە بۆیان، بەتایبەت بۆ کەسانی کەم دەرامەت و هەژار... بەڵام ئەمە هەرگیز نابێ ببێتە هۆکاری نواندنی توندوتیژی و بەکەم سەیرکردنی ژنان، بەڵکو دەبێ بە گفتوگۆ و ڕاگۆرینەوە ئەو گرفتانە وەلابنرێن. بەتایبەتیش زوربەی گرفتەکان پەیوەندیان بە نابەرابەری ئابورییەوە هەیە، پەیوەندی بە بێکاری و هەژاری و گرانییەوە هەیە، کەدەسەڵات بەرپرسی سەرەکیەتی.

توندوتیژی دژی ژنان بەجۆرێکە کە تەنانەت رەچاوی تەمەنیشیان ناکرێت. باسکردن و بیرکردنەوە لە بەشودانی کچێکی کەمتر لە ١٨ ساڵ، خۆی توندوتیژییە. بەشودانی ژن بێ رەزامەندی خۆی گەورەترین توندوتیژییە بەرامبەر بەژن. واتە ئافرەت لەکۆمەڵگەی پیاوسالاریدا لە هەرتەمەنێک بێت دەکرێ بەشێوەی جۆراوجۆر توندتیژی بەرامبەر بکرێ. جا هەریەکەو لە ئاست تەمەنی خۆی دەبینین کچێکی تەمەن خوار نۆسالی توندوتیژی بەرامبەر دەکرێ، ئەویش ناچارکردنی بە ئەنجامدانی کارێک یان ڕێگریکردنی لە ئەنجامدانی کارێک. بۆنمونە ناچارکردنی بەسواڵکردن بۆ پەیدا کردنی پارە یانیش دەبینین قەدەغە دەکرێ لە کردنی کارێک وەک ڕێگە نەدانی بەوەی بەردەوام بێت لە خوێندن. لەهەمان کاتدا دەبینین ئافرەتێ ناچار دەکرێ بەکردنی کارێک وەک ناچارکردنی لەلایەن پیاوەکەی بە ئەنجامدانی داوێن پیسی لەپێناو پەیاکردنی پارە یان بە قەدەغەکردنی کارێک وەک ڕێگری کردن لە ئافرەت لەلایەن پیاوەکەی بەوەی کە ناهێلێت بەردەوام بێت لە کاری فەرمانبەری لەهەر دەزگایەک هەروەها یان زۆرجار دەبینین ئافرەتێک بەتەمەنیشە توندتیژی بەرامبەر دەکرێ بەوەی بێبەش دەکرێ لە بەشە میراتی لەلایەن کەس و کاری جا ئەمەش دەچێتە قالبی توندوتیژی، چونکە ڕێگریکردن و زەوتکردنی هەر مافێکی ئافرەتان بەتوندوتیژی دادەنرێت، بەوەش بۆمان دەردەکەوێت کە رەچاوی تەمەن ناکرێ بۆ توندتیژی واتە دەکرێ ئافرەت لەکۆمەڵگەی پیاوسالاری و دەسەڵاتی دواکەوتودا لەهەر تەمەنێکدا بێت، ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبێتەوە.

زۆرجار ئیمە دەبینین وەسائیلەکانی پێشکەوتن بەکار دەهێنرێن بۆ توندوتیژی دژی ژنان. ئەمەش دوای بلاوبوونەوەی هەریەک لەئامرازە زیرەکەکانی وەکو موبایل و ئایپاد و تابلیە جۆراوجۆرەکان و بەکەڵک وەرگرتنی خراپ لە فەیس بوک، سناب چات، ئینستاگرام، تانگۆ و فایبەر وەتس ئەپ و...تاد

ئامێرە زیرەکەکان چۆن لایەنی ئیجابیان هەیەو کارئاسانی بۆ ئینسان دەکەن، بەهەمان شێوەش ئەگەر خراپ بەکاربهینرێن، کاریگەری خراپ لەدوای خۆیان جێ دەهێڵن. بەداخەوە لەزۆرێک لە کۆمەلگە دواکەوتوەکاندا، خراپ بەکاردەهینرێن و لەم خراپ بەکارهێنانەشدا بەپلەی یەکەم ژنان رووبەرووی ناوزراندن، سوکایەتی، هەرەشە، بەشیوەی گشتی رووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە. ئایا یاسا تاچەند رۆلی بینیووە لەکەمکردنەوەی ئەم تووندوتیژیە؟ بێگومان یاسا تاڕادەیەک رۆڵی خۆی بینیووە دەشی بینێت لە کەمکردنەوەی تووندووتیژی دژی ژنان. وە یاسا تائەندازەیەک بە ئەرکی خۆی هەڵدەستێ لەهەندێک کاتدا، یاسای تایبەتمان هەیە وەک یاسای بەرەنگاربوونەوەی تووندووتیژی خێزان ژمارە ( ٨) ی سالی ٢٠١١ بەرکار لەهەرێمی کوردستان- بەڵام زۆرجار دەبینین تووندووتیژی ئەنجام دەدرێت، بەلام بەهەر هۆکارێک بێت لەنێو خێزانەکاندا کپ دەکرێت و نایەڵن بگاتە بەردەم یاساو هەر لەنێو خۆیان دەی شارنەوەو یان بەرێگەی عەشایەری چارەسەری دەکەن چونکە کۆمەلگەی ئیمە تا ئیستا وەکو پیویست متمانەیان بە یاساو داگا نییەو وەکو پیویستیش رۆڵی خۆیان ناگێڕن. دیارە دەکرێ یاسا وردتر بێت باشتر لێکۆلینەو بکات لەو دۆسیانەی پەیوەندیدارن بە تووندتیژی دژی ژنان وردتر دەقیقتر لێکۆلینەوە بکات بۆ تحقیق کردنی مافی ژنان، تا متمانە بەدەست بهێنن.

سەبارەت بە دۆزینەوەی رێگاچارەیەک بۆ کەمکردنەوەی تووندوتیژی دژی ژنان ئایا ڕێگا چارەسەر چییە؟ بەراستی ئەگەر ئیمە بلێین کار دەکەین بۆ ئەوەی توندوتیژی هەر نەمێنی ئەمە شتێکی مەحاڵە، چونکە تەنانەت لەولاتە پێشکەوتووەکانیش تووندوتیژی دژی ژنان بوونی هەیە. وە تا نیزامی سەرمایەداری و کاری بەکرێ و نابەرابەری ئابوری بمێنێ، ستەم و تووندوتیژیش لەدژی ژنان دەمێنێ، بەلام دەکرێ کەم بکرێتەوە ئەویش لەرێگای ئەنجامدانی کارو چالاکی شەقام، سازدانی کۆر و سیمنار و وشیارکردنەوەی کۆمەڵگە، سزادانی یاسایی ئەوانەی توندوتیژی دژی ژنان ئەنجام دەدەن، یاسای پیشڕەو جیگریکردنیان هەروەها ئاشنا کردنی ئافرەتان بە ماف و ئازادییەکان. بەراستی توندو تیژی دژی ژنان پێچەوانەی سەرجەم و پرنسیپ و یاسا ئینسانی و پیشکەوتنخوازەکانە. رۆڵی رێکخراوەکانی ژنان سەبارەت بەکەمکردنەوەی ئەم توندتیژییە ناکرێت چاوپۆشی لێبکرێت. بەڵام لە ئاست تمووحی ژنان و یەکسانی هەمەلایەنەی ژنان لەگەڵ پیاوان نەبووە، دەکرێ کاری باشترو نەخشەمەندانەی باشتر بکرێت.

سەبارەت بەوەی کەرێژەی جیابوونەوە زیادی کردووە

گەر بێینە سەر باسی تەلاق دەبینین لەئیستادا بەرێژەیەکی بەرچاو زیادی کردووە بە بەراورد بە ساڵانی تر گەر سەیری ئامارەکانی ساڵانی رابردوو بکەین دەبینین کە رێژەی "تەلاق" جیابوونەوە لەهەولێر لەساڵی (٢٠١٧) ( ٢٩٨٥)حالەتی جیابوونەوە هەبوو، بەلام لەسالی (٢٠١٨)بووبە(٣٥٩٨) کەواتە بەرێژەیەکی زۆر زیادی کرد مانای وایە(٦١٣) حالەت زیادیکردووە کە تۆمارکراوە لە دادگاکان. هەروەها لە پارێزگای سلێمانی سالی ( ٢٠١٧)(١٣٦٠)حالەتی جیابوونەوە هەبوو لەسالی (٢٠١٨)بووبە (٤٠٨٠) ئەمەش مانای وایە (٢٧٢٥) حالەت زیادیکردووە. هەروەها لەدهۆک لەسالی(٢٠١٧) (١٣٨٤)حالەتی جیابوونەوەی هەبووە لەسالی (٢٠١٨) بووە بە (١٥٠٩) واتە (١٢٥) حالەت زیادیکردوە بە دڵنیایەوە ئەمەش بۆ ساڵی ٢٠١٩بەرێژەیەکی زۆر زیادیکردوە ئامارەکە دەخرێتە روو لە کۆتای ساڵدا ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ کۆمەڵێ هۆکار.یەکێک لەو هۆکارانەی کە ئیستا بەرێژەیەکی زۆر هۆکاری جیابوونەوەیە ئەویش ئەنجامدانی هاوسەرگیری لەتەمەنێکی بچووکدا بەرێژەیەکی زۆر بڵاوە. هەرچەند لەیاسای باری کەسی ژمارە (١٨٨) ی سالی ( ١٩٥٩) هەموارکراو لە هەرێم کووردستا- عێراق کە دیاریکراوە بەوەی کە دەبێت تەمەنی هەژدە ساڵیان تەواو کردبێ بۆ ئەنجامدانی هاوسەرگیری، بەلام لەگەل ئەمەشدا رێگەی داوە بە ئەنجادانی هاوسەرگیری بۆ ئەوانەی کە لە سەروی تەمەنی پانزە ساڵین و نەگەیشتوونەتە هەژدە ساڵی. ئەوانیش لەسەر ئیزنی وەلی ئەمرەکەیان کە باوکە لەحالەتی نەبوونی باوکیش کەدایک بە وەلی ئەمر دادەنرێت دوای ئەوەش کچەکە دەنێردرێت بۆ لای پزیشک بۆ دڵنیابوون لە کاملی جەستەی ئافرەت و ئامادەی بۆ پێکهێنانی ژیانی هاوسەری. جا زۆرجار دەبینین ئەوانەی لەتەمەنی بچووک هاوسەرگیری ئەنجام دەدەن هەر زوو لەیەکتر بێزار دەبن داوای جیابوونەوە.... دەکەن،

چونکە لەمەبەستی زەواج بۆ لاپەرە... 14

# گۆشەی ئەدەب و هونەر

گۆشەی ئەدەب و هونەر، گۆشەیەکی تایبەتی بۆپێشەوەیە کە لەهەر ژمارەیەکدا بابەتێکی ئەدەبی یان هونەری لەشێوەی هۆنراوە، تێکستی ئەدەبی، وەرگێران، بڵاودەکاتەوە، یاخود دیمانە لەگەڵ ئەدیب و هونەرمەندێك یان ناساندنیان رێك دەخات...

ئامادەکرنی گۆشە: کاوان قادر و هیوا سالح، حەکیم میرزا



## بەشێکی تر لەدەقی بەسەرهاتی ئاهێکی سەرد

هیچ ناگۆڕێت
دەزانم مردنی من هیچ ناگۆڕێت
تەنها ڕەنگی ژووری نوستنەکەت کاڵ دەبێتەوەو
بێدەنگی و ورتە
ورتەکانم دنیایەك تۆزیان لێدەنیشێت
دەزانم وەك جاران ئێواران دەڕۆیتە بەر
پەنجەرەکەت ودەڕوانیتە ئەو کۆترانەی کەبێ
منیان پێوە دیارەو
بەتیلەی چاویش سەیری ئەوکەسانە دەکەیت
کەتەنیایت دەخەنە چوارچێوەی چاویانەوە
.............
هیچ ناگۆڕێت
مردنی من فێری قاوە
خواردنەوەی شەوانت ناکات
ئەوەی کەدەگۆڕێت
بێتاقەتی قەسیدە ڕوتەکانم دەبێت
کەکەسێك ئەگەر بەدرۆشەوەبێت نایان خوێنێتەو
ە دایان ناگرێت
..............
دەزانم سەرمێزەکەت چۆڵ دەبێت
لەداگیرسانی· مۆم و
پەرداخی پێشەراب
ناگۆڕێت گەڕانەوەت بەهەمان کۆڵان و
شەقامدا بۆماڵەوە ناگۆڕێت
ئەوەی کەدەگۆڕێت
سێبەری چرپە چرپەکانی منە هەڵدەوەرێت
.................
هیچ شتێك ناگۆڕێت
دایکم نەبێت هەموو ئێوارانێك
سەر سوچی کۆڵانەکەم لێدەگرێت
ئەوەی کەدەگۆڕێت
وەك جاران قاوەی پێشەکر ناخۆیتەوەو
گوێ لەگۆرانیەکانی فەیروز ناگریت
بەمردنی منیش هیچ شتێك ناگۆڕێت
دەزانم گیانەکەم دەزانم
هەموو قەسیدەکانم
دوای خۆم هەڕاج دەکرێت

**حەکیم میرزا**

# هەتاو



## نووسینی: سیروان عەبدوڵا محەمەد

– وابزانم نائومێدی بوو وای کرد، تۆ ئەو تاوانە ئەنجام بدەیت.

کاتێک دکتۆرەکە ئەمەی پێ وتم، چاویلکەکەی لەسەر سەری لوتی دانابوو، بە چاوی بێ چاویلکەوە دەیروانیە چاوەکانم. لەوەدەچوو بیەوێت بەو جۆرە زیاتر کار لەدەروونم بکات .دەیویست بالانسم تێک بدات و هەرەس بێنم، دەیویست لەو جەنگە دەروونیەدا بیدۆڕێنم، بەڵام منێک کە هەموو ژیانم لە نێو چیادا بەسەربردوە، چی دەزانم تا نائومێدی و تاوانی بۆ لێک گرێ بدەم، وەڵامم نەدایەوە.

لە دڵی خۆشمدا، پێکەنینم بەو قسانە دەهات. لەسەرێکی تریشەوە دڵم بۆی دەسووتا و بەزەییم پیادا دەهاتەوە کە لەم سەردەمە شووم و سیخناخ لە تاوانەدا، ئەو دەیەوێت لە پەیوەندی ڕاستەوخۆی نائومێدی بە تاوانەوە، ڕێگری لە ڕوودانی تاوان بکات و چارەسەری نەخۆشەکانی بکات.

– ها !!!هیچت نەوت.

زۆر لەسەرخۆ و بە هێمنی ئەمەی پێ وتم، بەڵام بە چاوە کراوەکانی زیاتر فشاری بۆ دەهێنام. دەیویست ئەو بازنەیەی بۆ گەمارۆدانم کێشابوی تەسکتر بکاتەوە. تا بە ناچاری شتێک بدرکێنم، تا ئەویش بتوانێت سەری ئەو داوە بدۆزێتەوە کە دەیگەیەنێتە تاوانبار. لە چاوەکانیەوە هەڵچون و نائارامی ناخیم دەبینی.

دکتۆر بەدوای چیدا دەگەڕییت. هیچ تاوانێکم ئەنجام نەداوە. من ڕۆحی پاکیزەیەکم لە ژاکان پاراستوە. من ئابڕوی خۆمم کریوەتەوە. من نەمویستوە ئەو جەهەنەمەی چەند ساڵە خۆمی تیا دەسوتێم، ژنانی تر ببنە میوانی. من نەمویست کەسێکی تر وەک من زەلیل بێت. من پێویستیم بە خوێن بوو تا سیمای ڕەش و دڕندەی ئەوانی پێ سواخ بدەم.

هەر ئەوان بوون ئەو شەوە گەمارۆی شاریان دا. هەر ئەوان بوون. هەر هەمان پەنجەیان بەرز دەکردەوە و هەمان هاواریان دەکرد. هەر ئەوان بوون، ئەوانەی باوکمیان کوشت و هاواریان کرد اللە اکبر. براکەمیان سەربڕی و هاواریان کرد اللە اکبر. هەر ئەوان بوون، ئەوانەی سەرەیان بۆگرتم و لەگەڵ هاواری اللە اکبردا یەکە یەکە لاقەیان کردم. هەر ئەوان بوون بەڵام ئەو زەمانە بەرگی نیزامیان لەبەردابوو

– چی یە قسەکانمت لا گرانە، وا ناتەوێت قسە بکەیت؟.

نا جەنابی دکتۆر قسەکانت زۆر سادە و ئاسانن، بەڵام زۆر گرانە بتوانیت، وەڵامێکت دەست بکەوێت دڵخۆشت بکات. کاتێک لاقەکردن و سەربڕین، ) جیهاد ( بێت . کاتێک شەریعەت تاوان حەڵاڵ بکات، ئیتر دەبێت ئەو تاوانانە چی بن تا یاسا لێپرسینەوەیان لێ بکات.

دکتۆر گیان دەزانم ئێوە دەتانەوێت، کە ڕاستیەکان لەدەمی تاوانبارەکەوە ببیستن، بەڵام کێشەکە ئەوەیە، تاوانبارەکان لێرە نین تا وەڵامتان بدەنەوە. دکتۆر پێێت ناخۆش نەبێت، قسەکەت زۆر بێ مانا و هیچ و بێزارکەرە .باشە تۆ بۆ ناتەوێت بزانی ئەو شەوە چ ڕوویدا ؟.

ئەوان لەشەوێکی ساردی باراناویدا هێرشیان کرد، شەوێکی تەلخ وسامناک، هێندە زۆر بوون لە ژمارە نەدەهاتن. کەس نەمابوو پارێزگاری لە شار بکات. پاسەوانە چەکدارەکان هەر زوو تێیان تەقاندبوو. خۆیان ڕایان کرد و ئێمەیان بۆ گورگ جێهێشت. ژمارەیەکی زۆر کەمی خەڵک توانیان بەرەو شاخەکان هەڵبێن. ئەو خەڵکەی نەیتوانی ڕاکا .هەر یەک لە ماڵی خۆی. دەرگای لەسەرخۆی دادەخست. لەکونجێکی ماڵەکەیدا خۆیدا خۆی حەشاردەداو چاوەڕوانی مەرگی دەکرد.

ئەو شەوە من و خۆر ( ی کچەزام لە ژووری زەخیرەکەی ماڵەوە خۆمان شاردبۆوە ) .هەتاو ( ی کچیشم لە عەسرەوە ڕۆشتبووە بازار و نەگەرابۆوە بۆ ماڵەوە.

وا سەیرم مەکە دکتۆر. خۆ من تاوانبار نیم. بۆ وا قێزەون سەیرم دەکەیت.

هەتاو ( کچە زۆڵەکەم بوو، نە خێزان و نە کۆمەڵگە ئەویان قبوڵ نەکرد. دەیانویست بیکوژن. ڕۆژ نەبوو چینێک شەق نەخۆم لەسەر ئەو. بە پێی

بۆ لاپەڕە 14

## بەرهەمی تازەی هونەرمەند هیوا سالح




## بەرهەمی تازەی هونەرمەند سەردار عەبدوڵا



# هەواڵی ناڕەزایەتییە کرێکاریی و جەماوەرییەکان

ئامادەکردنی: ئاراس ڕەشید

## جووتیارەکان لە پاریس هەندێک لە ڕێگاکان دادەخەن وەک ناڕەزایەتی لە بەرامبەر سیاسەتەکانی حکومەتی ماکرۆن.



پتر لە هەزار تراکتۆر هەندێک لە ڕێگاکانی پاریسیان داخست، و کەریان لەناو شەقامی شانزلیزیا بلاوکردەوە. بەم شێوەیە جوتیارانی فەرەنسا ڕۆژی چوارشەممە ٢٧ی نۆڤەمبەر تورەیی خۆیان لەبەرامبەر سیاسەتەکانی حکومەتی فەرەنسی دەربڕی. جوتیاران داوا لە نەقابەکانیان دەکەن بە بینینی سەرۆکی فەرەنسا ئیمانوئیل ماکرۆن بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتی لە بەرامبەر سیاسەتەکانی حکومەت کە پێیان وایە زەرەر بە جوتیاران دەگەیەنێت.

یەکێک لە جوتیارەکان ئەم شیعارەی بە تراکتۆرەکەیەوە هەڵواسیبوو" ماکرۆن وەلامان دەرەوە! جوتیاران ڕزگار کە".

ئەم بزووتنەوانە لە فەرەنسا لە زیادبووندایە هەروەک بزووتنەوەی ئێلەگ زەردەکان و ناڕەزییەتیە جۆراوجۆرە کۆمەلایەتیەکان بەرووی سەرۆک ماکرۆن.



## هۆنکۆنگ و بەردەوامی ناڕەزایەتیەکان.

ماوەی دوو هەفتە زانکۆ بوو بە مەیدانی جەنگ لە نێوان پۆلیس و خۆپیشاندەرانی هۆنک کۆنغ کە داوای دیموکراسی دەکەن. چالاکوانان بۆجارێکیتر خۆیان ئامادە دەکەنەوە بۆ ڕێکخستنی خۆپیشاندانی تازە. ئەمەش دوای ئەوە هات کە دەسەلاتدارانی چین و حاکمی شاری کاری لام ڕەتیانکردەوە کە پاشەکشە بکەن لە سیاسەتەکانیان. ئەمە سەرەرای ئەوەی کە حزبەکانی داکۆکیکار لە دیموکراسی! سەرکەوتنێکی گەورەیان بەدەستهێنا لە هەڵبژاردنەکانی شارەوانی لە هەفتەی رابردوو.

### کۆتایی هاتنی گەمارۆی زانکۆ

ڕۆژی هەینی پۆلیس ڕایگەیاند کە گەمارۆی سەر زانکۆی پۆلیتەکنیک کۆتایی هات، دوای ئەوەی وەرزێکی توندوتیژی بزووتنەوەی ناڕەزایەتی بوو لە هۆنکۆنگ.

دوای ئەوەی حەرەمی زانکۆ بووە جێگای پێکدادانی نێوان خۆپیشاندەران و پۆلیس و بەکارهێنانی تیروکەوان پڕ هاویشتن و شووشە فڕیدان. ڕۆژانی ١٦ و ١٧ی نۆڤەمبەر درێژترین ڕووبەڕووبوونەوە روویدا لە نێوان خۆپیشاندەران و پۆلیس لەسەرتای دەستپێکردنی ناڕەزایەتیەکان لە حوزەیرانی رابردوو.

پاش ئەوەی زۆربەی خۆپیشاندەران زانکۆیان بەجێهێشت، و پۆلیس توانی بچێتە ناو حەرەمی زانکۆ و دەستبگرێت بەسەر پتر لە ٤٠٠٠ بۆمبی مۆلوتۆڤ و چەکی دیکە، دوای ئەوەی خۆپیشاندەران بۆماوەی ٢ هەفتە دەستیانگرتبوو بەسەر زانکۆکەدا.

دانیشتوانی هۆنگ کۆنگ چین تاوانبار دەکەن بە سەرکوتکردنی ئازادیەکان. ناڕەزایەتیەکان دوای ئەوە هاتن کە پرۆژە یاسایەکی پێشکەشکرا تیدا دەتوانرا کەسانی داواکراوی سیاسی ڕادەستی دەسەلاتدارانی چین بکرێنەوە. بەڵام ئەو یاسایە ڕەتکرایەوە. ناڕەزایەتیەکان بەردەوام بوون و ئاستی داواکاریەکان بەرزبۆوە بۆ جێبەجێکردنی دیموکراسی و پرسینەوە لە پۆلیس. لەو ماوەیەدا پۆلیس نزیکەی ٥٨٠٠ کەسی دەستگیر کردووە و پەنجەی تۆمەتبارکردنی بۆ ١٠٠٠ کەس درێژکردووە. پۆلیس نزیکەی ١٢٠٠٠ بۆمبی فرمێسک ڕێژی هاویشتووە.

بەڵام پەکین ئەوە ڕەتدەکاتەوە کە دەیەوێت ئازادیەکان سەرکوت بکات و ناڕەزایەتیەکان بە " شۆرشی ڕەنگاوڕەنگ" ناوزەد دەکات و کە



دەستی دەرەکی هاندەرە و دەیەوێت ئارامی ئەو ناوچەیە تێکبچێت..

## مانگرتنی کراوەی نەقابەی وێستگەی وزە لە لوبنان

ڕۆژی ٥ شەممە ٢٨ی نۆڤەمبەر نەقابەی خاوەن وێسگەکانی وزە لە لوبنان مانگرتنی کراوەیان ڕاگەیاند.

بریاری نەقابە دوای ئەو زەرەرە زۆرە هات کە ئەو کەرتە لێی کەوتووە لە ئەنجامی بوونی دوو جۆرە بەها بۆ نرخی دۆلار لە بازاڕ، و پابەند نەبوونی بانکەکانی لوبنان و کۆمپانیاکانی هاوردەکردنی جۆرەکانی نەوت بەو ڕێکەوتنە. نەقابە ئاماژەی بەوەدا کە ئەوان زۆر چاوەڕێیان کرد بۆئەوەی چاویان بکەوێت بە سەرۆک کۆمار بەڵام ئەوە ڕوویندا بۆیە ناچار ئەو بریارەیاندا.

بانکەکان و کۆمپانیاکانی هاوردەکردنی نەوت و بەنزین و وزە ڕێکەوتن لەسەر ڕادەستکردنی سووتەمەنی بە خاوەن وێسگەکان بە بڕی پێویست بە لیرەی لوبنانی نەک بە دۆلار، هەروەها بەپێی خشتەیەک کە نرخی ڕەسمی لەسەر بێت لەلایەن وەزارەتی وزە و ئاو دەرچوویێت، و وێسگەکان پەیوەستبن بە فرۆشتنی بە هاولاتیان بە لیرەی لوبنانی و بەنرخی دیاریکراو.

هەروەها حکومەت بەوە تاوانبار دەکرێت کە هیچ یەکێک لەو بەلێنانەی کە سەرۆک وەزیران داویەتی جێبەجێ نەکراون، و وەزارەتی وزە و ئابووری و دەزگاکانی پەیوەست بەو دۆزە هیچ کارێکیان نەکردوە بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانی ئێمە. بەوبۆنەوە ڕۆژی ٤ شەممە قەرەباڵغیەکی زۆر کەوتە سەر بەنزینخانەکان و زۆرێکیان ناچار بەداخستن بوون بەبۆنەی بلاوبوونەوەی مانگرتنەکە.

هاوردەکاران ڕووبەڕووی ئاستەنگی گەورە دەبنەوە لە گۆڕینەوەی لیرەی لوبنانی بە دۆلار بە نرخی ڕەسمی کە دەکاتە ١٥٠٧,٥لیرە لەبەرامبەر دۆلارێک.

دڵەڕاوکێ کەوتوتە ناو بازاڕی دارایی لەئەنجامی دروستبوونی بازاڕی ڕەش بۆ گۆڕینەوەی لیرە بۆ دۆلار.

خۆپیشاندان و ناڕەزایەتیەکانیش لە بەیروت بۆ ٤٤ هەمین ڕۆژ بەردەوام بوون. داوای دروستکردنی حکومەت دەکەن بۆ چارەسەرکردنی هەلومەرجی سیاسی و ئابووری نالەباری خەڵک.

لوبنان لە ١٧ی ئۆکتۆبەرەوە ڕووبەڕووی ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانی جەماوەری بۆتەوە و داوای دروستکردنی حکومەتی تەکنۆکرات دەکەن، و داوای هەڵبژاردنی پێشوەختە دەکەن، لەگەڵ کەمکردنەوەی تەمەنی بەشداریکردن بۆ ١٨ ساڵ و چارەسەرکردنی هەلومەرجی ئابووری و گەڕاندنەوەی ئەو سەروەتە بەتالان براوە و لێپێچینەوە لە گەندەڵکاران و سزادانیان. جەختیش لەوە دەکەنەوە کە بەردەوام دەبن تاوەکو بەدەستهێنانی داواکاریەکانیان.

**کۆمەڵگەی کۆمۆنیستی یۆتۆپیا نییە، بەڵکو بەرئەنجام و ئامانجی خەباتی چینی کرێکارە لەدژی نیزامی سەرمایەداری...**

# کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا و پێشهاتەکانی جەنگ لەکوردستانی سوریا

## گفتوگۆی دیدگای سۆشیالیستی لەگەڵ عەبدوڵا مەحمود

### بەشی سێهەم و کۆتایی



**کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لەسوریا، ڕەوتی ڕوداوەکان وجەنگ لەکوردستانی سوریای ڕاکێشاوەتە نێو گۆڕانکاریەکی خێراو دراماتیکیەوە، لەشکرکێشی تورکیا بۆ سەر ناوچە کوردنشینەکان وپاساوەکان بۆ پێکهێنانی ناوچەی ئارام، ناڕەزایەتی و ڕیزبەستنی دەوڵەتانی ئەوروپا بەرامبەر بەم لەشکرکێشیە، ڕۆڵی تازەی ڕوسیا ولایەنگری لەتورکیا، کاردانەوەی هەسەدە بەرامبەر بە کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا و پاشان ڕێکەوتنی سەربازی لەگەڵ دەوڵەتی بەشارئەسەددا، کۆبونەوەی نێوان ئەردۆغان وجێگری ترامپ وئیمزاکردنی ڕێکەوتنامەی تازەی نێوانیان، سەرەنجام ئاگربەست لەسوریا... ئەمانە بەشە سەرەکیەکانی ئەو گۆرانکارییە تازانەن کەلەدۆخی سوریادا بەخێرایی دەچنە پێشەوە. دیدگای سۆشیالیستی بەمەبەستی ڕاوەستان ولێکدانەوە لەسەر هەریەك لەوێستگەکانی ئەم ئاڵوگۆڕانە، ئەم گفتوگۆیەی لەگەڵ عەبدوڵا مەحمودا سازداوە ...**

دیدگای سۆشیالیستی ژمارە ١٤

**دیدگای سۆشیالیستی: تەئیدکردنی ئەم ڕیکەوتنە لەلایەن هەسەدەوە چۆن لێکدەدەنەوە؟ هەروەها چارەنوسی هەسەدەو ئەوناوچانەی بەدەستەیەوەیەتی بەرەوکوێ دەبات؟ ئایا لەم دۆخەدا داهاتویی کێشەی کورد چی لێدێت؟**

**عەبدوڵا مەحمود:** یەپەگەو هەسەدە زیاتر چاویان لە ڕاوەستانی لەشکرکێشی تورکیایە. هەربۆیە ڕەزامەندیان لەسەر ئەو بەندە دەربڕیووە کە ئاگر بڕ بەدیدێنێ. بەپێی هەواڵەکانیش، هێزەکانی یەپەگەو هەدەسەدە لەسەرێکانی کشاونەتەوە، ئەگەرچی هێشتا نازانرێ کەئاخۆ بەقوڵایی ٣٢ کیلۆمەتر، یانی تا ئەو شوێنەی کەتورکیا دەیەوێت دەکشێنەوە و ئامادەن مل بەهەموو داواکانی تورکیا بدەن کەلەڕێکەوتنەکەدایە!.

بێگومان لەئەگەری ملدان وقبوڵکردنی تەواوی ڕیکەوتنامەکە لەلایەن هەدەسەدە و یەپەگەوە، ئەوا دۆخەکە پێدەنێتە سەرەتایەک بۆ کۆتاییهینانی دەسەڵاتی خۆجێی و تەمەنی کانتۆنەکان. هەڵوێستێکی ئاواش بەمانای تەسلیم بون وملدانە بە گەمەو کایەی ئەمریکا و زلهێزەکان و ریکەوتنی نێوانیان.

بەکورتی، لەداهاتوویەکی نەک زۆر دووردا. نەدۆخی سیاسی سوریاو ڕژێمی ئەسەد بەو جۆرەی ئێستا دەمێنێتەوە و نە جێگاو ڕێگای کانتۆنەکان و دەسەڵاتی خۆبەرێوەبەری لە کوردستانی سوریادا، کە بەهۆی هەلومەرجێکی تایبەتیەوە بۆتە ئەمری واقع، وەک خۆی دەمێنێتەوە، بەڵکو ئاڵوگۆری گەورەیان بەسەردا دێت. ڕژێمی سوریا هەوڵدەدات قەڵەمڕەوی سیاسی و دەسەڵاتداریێتی خۆی بەسەر تەواوی سوریادا بسەپێنێتەوە و نەیارەکانی تەسلیم بەخۆی بکات یان ڕایان بماڵیت. لەو حاڵەتەدا مەسەلەی گێرانەوەی کورستانی سوریا و کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی خۆ بەرێوەبەری وەکو دیفاکتۆیەک، مەسەلەیەکی سەرەکی و میحوەرییە.

ئەوەش ڕۆشنە کە دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستانی سوریادا، سەرباری دەور و کاریگەری و دەستێوردانی وڵاتانی ناوچەکە وەکو تورکیا، ئیران، عێراق و ئەمریکا و غەرب و رووسیا، و ئەوروپا لەناو چوارچێوەی سوریادا وەڵام وەردەگرێتەوە. هاوسەنگی هێز لە یەکلایی بوونەوەی ئەو پرسەدا رۆڵی یەکلایی کەرەوە دەگێرێت، ئەو هاوسەنگی هێزەش بۆ خەڵکی کوردستانی سوریا و دەسەڵاتی کانتۆنەکان، لە گرەوەی یەکگرتوویی لەدەوری ئاسۆیەکی سیاسی رۆشنی ئازادیخوازانە و ئینسانی وبڕوابەخۆبوون و ڕۆڵ بەخشینی تەواوەتی بە دەور و ئیرادەی ڕاستەوخۆیی جەماوەرییە. بەهرەمەند بوونە لە پشتیوانی بزوتنەوەی جەماوەری ئازادیخواز و هیزو لایەنە سیاسی و جەماوەرییە چەپ و رادیکاڵەکان، لە وڵاتانی ناوچەکەو دنیادا.

ئێستا ئەزموونی کورستانی سوریا، لەبەردەم مەترسیەکی هەمەلایەنەی ڕۆژدایە، لەلایەکەوە ڕووبەڕووە لەگەڵ هێرش و ملهوڕی سەربازی دەوڵەتی تورکیا، ڕووبەڕووە لەگەل ڕێکەوتنامەی نێوان ئەمریکا و تورکیا، ڕووبەڕووە لەگەڵ ڕێکەوتنی نێوان هەسەدەو ڕژێمی سوریا بە چاودێری ڕوسیا، ڕووبەڕووە لەگەڵ دەخاڵەتی بەردەوامی ئێران، کە پرسی کورد لەویش کێشەیەکی سیاسیە، ڕووبەرووە لەگەڵ مەترسی سەرهەڵدانەوەی داعش، هاوکات ڕووبەڕووە لەگەڵ ڕەوەندی ئاسایی بوونەوەی دۆخی سوریا و گەڕانەوەی بۆ کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی. لەناو هەلومەرجێکی ئاوادا... ئاسایی بوونەوەی دۆخی سوریای بەشەو ڕۆژێک ڕوونادات و پرۆسەیەکی پڕ کێشەو هەڵبەزو دابەزە و زۆر لایەن و هێزو وڵاتانی ناوچەکە و ململانێی بەرژەوەندخوازی زلهیزەکان، وڵاتانی ناوچەکە ڕۆڵیان تیایدا هەیە. یەکێک لەو کێشانەش کە دەبێ وەڵام وەربگرێتەوە لەم پرۆسەیەدا کێشەی کورد و پرسی دەسەڵاتی خۆبەرێوەبەری و کانتۆنەکانە. بەبێ چارەسەری پرسی کوردیش هەلومەرجی ناوخۆیی سوریا، ئاسایی نابێتەوە. هەروەکو لە شوێنێکی تری ئەم دیمانەیدا وتوومە کوردستانی سوریا یان دەبێت بە ڕێکەوتنێک و ئەڵتەرناتیفێک ببیتەوە بە بەشێک لە چوارچێوەی سوریای یەکگرتوو، جا یان لەڕێگای قەوارەدانەوە بە دەوڵەتی سوریا و بە دەستورێکی تازەوە کە مافی هاوڵاتی یەکسان لەبەرامبەر بەیاسادا بە کردەوە و بەفەرمی بناسێت، کەئەم ئەگەرە لەسایەی دەوڵەتیکی دیکتاتۆری وەکو رژیمی سوریادا، ئەستەمە.. یان ڕێگای دووەم کە گەرانەوەی سوپا و دەسەڵاتی رژیمی سوریایە لەرێگای هێزی چەکدارە و بەزۆری سەرکوتەوە، ئەمەش لە هاوسەنگی هێزی ئێستای ڕژێمی سوریادا، سانا نییەو پێویستی بە کاتی زۆرتر و خۆگرتنەوە لەلایەک و لاوازکردنی دەسەڵاتی خۆبەڕیوەبەرییەوە هەیە، لەیەک وتەدا دەمەوێت ئەوە بڵێم کە ئایندەی کێشەی کورد لەکوردستانی سوریا، لەسایەی ئەم ڕیکەوتن نامەیەی نیوان ئەمریکاو تورکیادا ولەسایەی مانەوەی هێزەکانی تورکیا لەسوریادا لەژێر ناوی "ناوچەی ئارام"دا، دەخاتە تونێلیکی تاریکەوە و لەنێو زەلکاوی جەنگ و کاولکاریدا، بێچارە دەیهێڵێتەوە.

**دیدگای سۆشیالیستی: لەزەلکاوی جەنگ لەسوریا، ڕێکەوتنی نیوان تورکیاو ڕوسیا لەسەر پرسی "ناوچەی ئارام" کەئۆردوگان چاوی تێبڕیوە، وەک دوا وێستگەی ئاڵوگۆڕە دراماتیکیەکان، لەدۆخی سوریادا سەری هەڵداوە، بەرادەیەک کەلێکۆلیارانی سیاسی ئاماژە بۆئەوە دەکەن کەئەم ڕیکەوتنەی نیوان ڕوسیاو تورکیا، هەم مۆری ئاخر لەکۆتاییهێنان بە نفوز ودەخالەتی ئەمریکا لەسوریادا دێنی و هەم پاشەکشەی جدی بەسەر ومانەوەی لایەنە هاوپەیمانەکانی لەولاتانی ئەوروپا، (بەهێزەکانی هەسەدەشەوە) کەلەژێر ناوی جەنگ لەدژی تیرۆر کۆی کردبونەوە، دێنێ. بەدیاریکراویش، چارەنوسی هیزەکانی هەسەدەو مانەوەی ناوچەی خۆبەڕیوەبەری وئەزمونەکەی بەرەو کۆتایی دەبات.. ئێوە چ خوێندنەوەیەکتان لەسەر ئەم ڕیکەوتنە هەیە؟ هەنگاوەکان و ناوەڕۆکەکەی دۆخی لەحالەتی جێبەجی بونیدا چ گۆرانکاریەک لەڕۆلێ تورکیاو ڕوسیا وحکومەتی بەشار ئەسەدا پێکدێنێ؟ سەرەنجام مەسەلی ڕۆژئاواو کێشەی کورد ومانەوەی پەیەدە وهەسەدە ڕوو بەڕویی کام ئەگەر دەکاتەوە؟**

**عەبدوڵا مەحمود:** زنجیرە ڕێکەوتنە یەک بەدوای یەکەکانی ئەم دوایەی تایبەت بە دۆخی ناوچەکەو بەدیاریکراوی بە هەلومەرجی سوریا و کوردستانی سوریادا، تەواوکەری یەکترن و ئەڵقەی یەک زنجیرن بە یەک ئاراستەدا، یان دەتوانین بڵێین سەرباری جیاوازییەکانیان بە یەک ئاراستەدا دەڕۆن. ڕیکەوتنەکانی "تورکیا- ئەمریکا، روسیا- سوریا، روسیا تورکیا" هەموویان بێ گویدانە رۆڵ و بەشداری خەڵکی کوردستان و تەنانەت رۆڵی هەسەدەو یەپەگە دەکرێن. روسیا و ئەمریکا، بە نوێنەرایەتی ئەوان و لەراستیدا بە فەرامۆش سپاردنی تەواوەتیان واژۆ لەسەر ئەو ریکەوتنەکان دەدەن، کە ئاڵوگۆری گەورە و بنەرەتی چ بەسەر چارەنووسی ناوچە کوردنشینەکان و یەپەگەو هەسەدە و چ بەسەر ئایندەی سوریادا دێنێ.

خالّی هاوبەشی هەموو ڕیکەوتنەکان، پاشەکشەکردن بەیەپەگەو هەسەدە، کۆتاییهێنان بە ئەزموونی ناوچەی خۆبەرێوەبەری، پاراستنی یەکپارچەیی خاکی سوریا، و رێگەگرتنە بەهەر هەوڵێکی کارساز بۆ چارەسەری پرسی کورد لە کوردستانی سوریا و لەناوچەکەدا، بەڵام ئەمە تەنها دیوێک و گۆشەیەک لە سیناریۆی شانۆیەکی گەورەترە کە لەپشتییەوە بەرژەوەندی هەژموونی سیاسی و ئابوری و ململانیی ئەمریکا و روسیا و بلۆکە ناوچەیەکانی وەستاوە.

جۆر و ناوەرۆکی ڕیکەوتنەکان، بەیانی ململانێ قوڵەکان و گۆرانی باڵانسی هیز لە ناوچەکەدا لەنیوان ئەمریکا و رووسیا، بەسودی دەوڵەتی روسیا دەخەنە ڕوو. ئەگەر ڕیکەوتنی ئەمریکا و تورکیا، دەستی تورکیایی بۆ هیرش و ئۆپەراسیۆن ئاوەڵاکرد، بە رێکەوتنێکی تر پاشەکشەی بەسەر هیزەکانی هەسەدەدا سەپاند تا سنورەکان بەقوڵایی ٣٢ کیلۆمەتر چۆڵ بکەن، ئەوا رێکەوتنی روسیاو تورکیا، بەجیا لە پێداگری پاشەکشەی ٣٠ کیلۆمەتری سنورەکان، هەم دڵنیایی دڵخوازی ئەمنی بەتورکیا بەخشی و هەم رۆڵی حزوری سەربازی مەیدانی خۆی لەجێگای هیزە سەربازییەکانی ئەمریکا جیگیر کردو هەم رۆڵی هیزەکانی سوپای سوریا دەگێرێتەوە و هەمیش بەدیل بۆ ئایندەی سوریا و ناوچە کوردنشینەکان و چارەسەری پرسی کورد" بەوجۆرەی دەیانەوێ" دەخاتە روو. لەوانەش واوەتر رووسیا خۆی ڕۆڵی ئەکتەرێکی بەکردەوەو مەیدانی هاوبەش لەگەڵ رژیمی سوریا لەلایەک و رژیمی تورکیا لەلایەکی ترەوە دەگێرێت. بەم جۆرە ناکامی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە ناوچەکەدا، بەهۆی نارۆشنی سیاسی و لێڵی لەدورنمای بەرژەوەندییە سیاسی و ئابورییەکانی و شپرزەیی لە بریار و هەڵبەزو دابەز لە مامەڵەی لەگەڵ تورکیا و هیزە دەرگیرەکان و نەبوونی هیچ ئەڵتەرناتیفێک بۆ ئایندەی سوریادا... ئەو بوارەی بە روسیای نەیاری بەخشی کە ئاڵای سەرکەوتنی بە کردەوەی خۆی هەڵ بکات و ناوچەکە بە سودی خۆی لەو ململانێیەیدا یەکلایی بکاتەوە کە ناوەندێکی سەرەکی ململانێی بوو لەم چەند ساڵەی رابردوودا. وە رەوتی پێکهێنانی بلۆکیکی تورکی و سوری ئیرانی و عیراقی، لە ناوچەکدا خەریکە پێدەگرێت کە نوێنەرایەتی بەرژەوەندیەکانی رووسیا دەکات. بۆیە دەتوانین بلێن ئەو ریکەوتنە کۆتایی بە رۆڵ و نەخشی کاریگەری پێشووی ئەمریکا لەناوچەکە هێنا و رۆڵ و کاریگەری و نەخشی روسیا و جیگیر کرد. وە پرسی سوریا و ناوچە کوردنشینەکانیشی خستە ژیر کۆنترۆڵی یەکلایەنەی سیاسەت و بەرژەوەندیەکانی خۆیەوە.

جێبەجێ بوونی ئەم ڕێکەوتنامەیە، کەسەرەتاکەی پاشەکشەپێکردنی هیزەکانی یەپەگەو هەسەدە و لەچەکداماڵینی سنورەکانە، بەرژەوەندیەکانی تورکیا دەپارێزێ و جێبەجێ دەکات. لەلایەکی تریشەوە بەسودی دەوڵەتی سوریا تەواو دەبێت و دەبێتە سەرەتایەکیش بە ئاراستەی چەک داماڵین لەناوچە کوردنشنەکان، لە چوارچیوەی هێنانە گۆری چارەسەری پرسی کوردا.

ڕەزامەندی نیشاندانی هیزەکانی هەسەدەو یەپەگەش، بە پاساوی بژاردەیەک لەنێوان دوو بژاردەی خراپ و خراپتردا،" رژێمی تورکیا و سوریا"، وە خۆشباوەری بەوەی کە ئەم ڕیکەوتنامەیە تەنها پەیوەندی بەسنورەکانەوە هەیەو دەست نابات، بۆ دەسەڵاتی خۆبەڕیوەبەری ناوچە کورنشینەکانی تر... بەر لەهەموو شت وەستانەوەیە بەڕووی بزوتنەوەی حەقخوزانەی خەڵکی کوردستان و رادەستکردنەوەی شارەکانی تری ژێر دەسەڵاتیانە لەچوارچیوەی ڕیکەوتنی داهاتوودا لەگەڵ دەوڵەتی سوریا لەژێر ناوی پرسی چارەسەری کوردو لە ژێر سایەی بەڵێنی" دەوڵەتی رووسیا" بۆ نووسینەوەی دەستورێک لە سوریادا، کە مافەکانی کورد دەستەبەر بکات.

ئەو خۆشباوەڕی و کورتبینییە سیاسیەی هەسەدەو یەپەگە، کەلەنێوان بژاردەی سوریا و توکیا، یەکێکیان بە سودی خۆ دەبینێت و لەپاڵیشیدا بژاردەی پشت بەستن بەئیرادەی سیاسی خەڵکی ناوچەکوردنشینەکان وپشتیوانی بزوتنەوە جەماوەری کرێکاری و دنیای ئینسان دۆست و سەرمایەی سیاسی شکستی داعش و سەرکەوتن لە کۆبانی و مەرسومی یەکسانی ژنان و پیاوان، دەسپێرێت بە فەرامۆشی، هیچ ئاکامێکی نابێت جگە لەوەی کە خەڵکی کوردستانی سوریا لە ئایندەدا بەدەست بەستراوی تەسلیم بە دەوڵەتی سوریا دەکاتەوە.

بەکورتیەکەی دواین ڕیکەوتنی روسیا و تورکیا... پەنجەمۆری بەکردەوەی شکست و ناکامی ئەمریکای لە دۆخی سوریا و ناوچەکە کرد و باڵادەستی روسیا و هاوپەیمانەکانی جیگیر کردو سەلماند. هاوکات دەستی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی لە رۆڵ و بڕیار لەسوریا و ناوچەکەدا، کۆتایی پێ هێناو رەوتی ئاساییکردنەوەی هەلومەرجی سوریا و گێرانەوەی بۆ ناو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی خێراکرد. ئەو حزب و هیزە سیاسیانەش لەوانەش" یەپەگە و هەسەدە" کە مایەی خۆیان لەسەر بوونی سوپای ئەمریکا و پشت بەستن بە سیاسەتی رووسیا و ململانیی نیوانیان دارشتبوو، دەکاتە قوربانی و داکوژانی رۆڵیان. هەروەها گورزیکی کاریگەریش لە ئایندەی سیاسی کوردستان وپرسی کورد نەک تەنها لە سوریا، بەڵکو لەناوچەکە دەدات و مەترسی لەسەر دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد لە کوردستانی عێراقیشدا دروست دەکات.



# دیمانە لەگەڵ مەنسوری حیکمەت سەبارەت بە ڕێکخراوە جەماوەرییەکانی چینی کرێکار

## بەشی پێنجەم و کۆتایی

**کۆمۆنیست: ئێمە هەتا ئێستا سەبارەت بەشورا وەک جۆرێک ڕێکخراو قسەوباسمان دەکرد بەڵام لەم بریار نامەیەدا بەڕۆشنی باس لە"بزوتنەوەی کۆبونەوەی گشتی" دەکرێت. مەبەست لە بزوتنەوەی کۆبونەوەی گشتییەکان چییە؟ ئەم بزوتنەوەیە بەچ تایبەتمەندییەک دەناسرێتەوە جگە لە شێوازێکی دیاریکراوی ڕیکخراوبوون، بەشوێن چ ئامانجێکی ترەوەیەو بڕیارە بەکوێ بگات؟**

**مەنسور حیکمەت:** بانگەشەی ئێمە لەبارەی کۆبونەوەی گشتی هەتا ئێستا هەڵدەگەڕێتەوە بۆ ڕوونکردنەوەی کارایی کۆبونەوەی گشتییەکان، وەکو ئامرازێکی خەباتکارانە، بۆ کرێکاران. ئەوەی ئەمڕۆ ئێمە دەیڵێین ئەوەیە کە ئەبێت لەبارەی بزوتنەوەی کۆبونەوەی گشتییەکان قسە بکەین. سەردەمانێک لە مێژووی خەباتی کرێکاریدا هەیە کە بەسەر پێکەوتنی بزوتنەوە دیاریکراوەکانەوە دەناسرێتەوە. بۆنمونە بزوتنەوەی کۆمیتەی کارگەکان لە ڕوسیە، بزوتنەوەی سەندیکایی لە سەرەتای ئەم چەرخەدا (سەدەی٢٠و:) لە ئێران، وەیان بزوتنەوەی شورایی لەماوەی شۆڕشی ١٩٧٨ دا، بزوتنەوەی کونترۆڵی کرێکاریی... تاد. جیاوازی بانگەشەکردن بۆ کۆبونەوەی گشتی وەک ئۆرگانێکی بەسود لەگەڵ هەوڵدان لە پێکهێنانی کۆبونەیەوەکی گشتی لەوەدایە کە لەم بابەتەی دواییەوە ئێمە ئەمانەوێت خەبات لە پێناو بەرپاکردنی ئەم کۆبونەوەی گشتیانەدا ببێت بەجەمسەری حەرەکەت و هۆی دەرکەوتنی تایبەتمەندییەکانی یەک سەردەمی خەباتی کرێکاریی و دەبێ خەباتی کرێکاریی بەبزوتنەوەی کۆبوونەوە گشتیەکانەوە جۆش بدرێت. وە هەرچی زیاتر ئەم ئۆرگانانە پێکبهێنرێت، هێز بگرن و لە نارەزایەتییە کرێکاریەکاندا دەوری سەرەکی بگێڕن. بزوتنەوەی کۆبونەوەی گشتی وەڵام دەم و دەست و عەمەلی ئێمەیە بەڕێکخراوکردنی نارەزایەتییە جەماوەری کرێکاران لەم سەردەمەدا. شوراکان وبزووتنەوەی بەتەواوی مانا شورایی تەنها دەتوانێ ئەنجامی پلەیەک لە پیشرەوی بزوتنەوەی کۆبونەوەی گشتی بێت.

ئێمە بیرۆکەی کۆبونەوەی گشتیمان زۆر دەمێکە خستوەتەڕوو. لەوکاتەدا هەموو چەپ و ڕۆشنبیرانی کلێشەیی خەڵکیەکان ئەم بیرۆکەیان بەخەیاڵی و نامۆ لەقەڵەم ئەدا. خەباتی چەند ساڵەی کرێکارانی ئێران ئاشکرای کرد ئەوەی کە زەینی ونامۆیە شێوەی بیرکردنەوەی سۆشیالیزمی خەڵکی ئێرانە سەبارەت بەبزوتنەوەی جەماوەری کرێکاری. کرێکاران نەک تەنها بەکردەوەو بەشێوەی سەرکەوتوانە ڕۆژانە ئەم کۆبونەوانەیان پێکهێناوەو لەخەباتی خۆیاندا پشتیان پێبەستوە، بەڵکو دروشمی کۆبونەوەی گشتی جێگەی خۆی لە زەینی کرێکارانی وشیاری پیشرەوی ئێراندا کردۆتەوە. خۆش بەختانە ئەمڕۆ باسی کۆبونەوەی گشتیان قبوڵکردوە یان ملیان پێی داوە. ئێمە دەڵێین کرێکارانی کۆمۆنیست ئەبێت هەڵسوڕاوانی کۆبونەوە گشتییەکان بن، چونکە ئەمە تەنها ڕێگای واقعی ڕیکخراوکردنی کرێکارانە لەمەودایەکی فراواندا بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی کاری ڕێکخراوی جەماوەری – ئاشکرای کرێکاری. چەپی خەڵکی و ڕۆشنبیر دەتوانن چاوپۆشی لە مەسەلەیە بکەن، دەتوانن ئەم سەرقاڵیەی ئێمە بە ئیکۆنۆمیست ناوببەن. هەموو شتێک بسپێرن بە دوای ڕوخاندنی ڕژێمی ئیسلامی. هاوشێوەکانی ئەکسەریەت وحیزبی تودە ئەتوانن پەیوەست ببن بە شورا ئیسلامیەکانەوە وە پاشان کەسانی سەربەخۆیان وەک نوێنەری نەبینراو و نەناسراوی کرێکارانی ئێران! ڕەوانە بکەنە کۆنگرەی هەژدەهەمی نەقابەکانی کار لە سۆڤیەت!. نەقابە سونەتیەکان دەتوانن چاوەڕوانی کاتێک بکەن کە دەوڵەتی ئیسلامی مۆڵەتی پێکهێنانی نەقابەکانیان پێبدات و نەقابە دروست بکەن. وە نەقابیە "نهێنیەکان" ئەتوانن جارێ چاو پۆشی بکەن لە ڕێکخستنی کاری جەماوەری کرێکاری. بۆ ئێمە کێشەکە بەشێوەیەکی تر لەئارادایە.

> **بانگەشەی ئێمە لەبارەی کۆبونەوەی گشتی هەتا ئێستا هەڵدەگەڕێتەوە بۆ ڕوونکردنەوەی کارایی کۆبونەوەی گشتییەکان، وەکو ئامرازێکی خەباتکارانە، بۆ کرێکاران**

> **ئێمە ئەمانەوێت خەبات لە پێناو بەرپاکردنی ئەم کۆبونەوەی گشتیانەدا ببێت بەجەمسەری حەرەکەت و هۆی دەرکەوتنی تایبەتمەندییەکانی یەك سەردەمی خەباتی کرێکاریی و دەبێ خەباتی کرێکاریی بەبزوتنەوەی کۆبوونەوە گشتیەکانەوە جۆش بدرێت**

ئێمە لەو باوەڕەداین کۆمۆنیزم و بیرۆکە بنەڕەتیەکانی بزووتنەوەی شورایی، هەم ئەزمونی بەردەوامی کرێکارانی ئێران لە خەباتی ئەم چەند ساڵەی دواییدا، شێوە خەباتی جەماوەری کرێکاریی لەدڵی هەمان هەلومەرجی سەرکوتدا بەدەستەوە داوە. مرۆڤ تەنها دەبێ چاوبکاتەوەو ئەوە ببینێ. ئەمە شێوەی بەرپاکردنی بزوتنەوە گشتیەکانی کرێکارانە. خەباتی جەماوەری سەدان هەزار کەسی کرێکاران لەژێر هیچ بارودۆخێکدا ناتوانێت نهێنی بێت. ڕابەری سەرتاسەری کرێکاران دەتوانێت نهێنی بێت، بەڵام دەرکەوتنی جەماوەری کرێکاران کە پێویستی بەبەشداری بەردەوامی ڕابەرانی عەمەلی و ئاشکراو پێکهێنانی کۆبونەوەی جۆراوجۆری کرێکارانە، ناتوانێت لە مەودای ئاشکرادا نەیەتە دی. حیزبی کرێکاران ئەبێت ڕێگای واقیعی و بەکردەوە نیشانی کرێکاران بدات بۆ ڕێکخراوکردنی کاری جەماوەری کرێکاران. کۆبونەوە گشتی ئەو ڕێگە واقعیەیە.

**کۆمۆنیست: لە بڕیارنامەکەدا تەنها چەند ئەرکێک بۆ هەڵسوڕاوانی بزوتنەوەی کۆبونەوەی گشتی دەستنیشانکراوە ئایا دەتوانیت وێنەیەکی بەرچاوترو هەلایەنەترمان لە ڕوخساری ناسراوی ئەم بزوتنەوە بدەیتە دەستەوە؟ بۆ ئەوەی بتوانرێت ڕابەرانی باش و ماندونەناس بۆ ئەم بزوتنەوەیە پەروەردە بکرێ، دەبێ فێربوون و تەبلیغی چ مەقۆلات و بابەتێک بخەینە دەستورەوە، جیا لە ئامانجە ڕاستەوخۆکانی خودی ئەم بزوتنەوەیە؟**

**مەنسور حیکمەت:** لەم بارەوە دەبێت بەوردی و بەردەوام قسە بکرێت. من سود لەم کاتە وەردەگرم بۆ ڕونکردنەوەی چەند خاڵێک. هەڵسوڕاوی بزوتنەوەی کۆبونەوە گشتی کەسێکە لە ئایدیایەکی مجەرەد "دابڕاو" وە دەربارەی کۆبونەوەی گشتی حەرەکەت ناکا، بەڵکو لە خەباتی بەردەوامی هەر ئێستای کرێکارانەوە دەجوڵێتەوە. باسی شوراو سەندیکا لەناو دەرونی چەپدا هەرچییەک بێت، نارەزایەتی کرێکاری هەر ئێستا لەئارادایەو ریکخراوی گونجاو، ڕابەری گونجاو ئاسۆی بەرەوپێشچونی خۆی داوا دەکات. ئەگەر خۆمان بخەینە شوێنی ئەوانەی (باوەڕیان بە شورا) هەیە، خۆمان بەکرێکاری پێشرەو بزانین، کەدەبێ وەڵام بداتەوە بەمەسەلەی ڕێکخراوکردنی نارەزایەتیەکی دیاریکراو لەچەند دەزگایەکی دیاریکراودا، ئەوکاتە باشتر دەرکی نرخی خەبات دەکەین بۆ پێکهێنانی کۆبونەوە گشتیەکان و بەجێهێنانی ڕۆڵی ئەوان. هەڵسوڕاوی کۆبونەوەی گشتی کەسێکە کە لە نارەزایەتییە هەر ئێستای کرێکاراندا بەکەڵک وەرگرتن لە کۆبونەوەی گشتی وەک ئۆرگانێکی خەباتی کاریگەر بانگەواز دەکا. هەوڵ ئەدا تا ئەو کارە لە زۆرترین یەکەدا دوبارە ببێتەوە، هەوڵ ئەدات ئەم کۆبونەوانە تایبەتمەندی کاری بەردەوام لە خۆبگرێت، بەیەکەوە ببەسترێتەوەو ڕابەری بەڕێوەبردن پێکبهێنن. جووتبوونی کۆبونەوەکان لەگەڵ یەک ئەلگۆی پێشوتر زانراو بووە بەلای هەڵسوراوێکی کۆبونەوەی گشتیەوە، ئەو بایەخەی نییە بەئەندازەی پێکهێنان و فراوانبوونی ڕۆڵی کۆبونەوەکان. هەڵسوراوی کۆبونەوەی گشتی کەسێکە کە هەمیشە لە پێگەی خۆی وەکو کرێکارێکی پێشرەو کەڵک وەردەگرێ بۆ ناچارکردنی کرێکاران و ڕابەرانی عەمەلیتا پشت ببەستن بەم دەزگایەوە، خاڵە بەهێزەکانی بە کرێکاران دەناسێنێ. وە هەوڵ ئەدات هەتا زۆرترین کەس وگروپ لە کرێکارانی پێشڕەو بۆ جوڵانەوەیەکی هاوبەش بۆ دامەزراندنی ئەم کۆبونەوانە ڕاکێشێت، بۆ پەروەردەی هەڵسوڕاوانی

بزوتنەوەی کۆبونەوە گشتییەکان، حیزب ئەبێت بەر لەهەر شتێک تەئکید لەسەر پەیوەندی ئەم بزوتنەوەیە بە خەباتی هەرئێستای کرێکارییەوە بکات، بەبۆچونی من ڕابەران و هەڵسوڕاوانی بزوتنەوەی کۆبونەوە گشتیەکان زیاتر لە دەرونی ڕابەرانی عەمەلی بزوتنەوەی نارەزایەتیەکانی ئیستادا پەیدا دەبن.

یەکێک لەو بابەتانەی کە ئەبێت بەشێکی دانەبڕاو بێت لە بانگەشەی ئێمە، ئەو واقعیەتەیە کە تەنانەت لەناو دڵی سەرکوتیشدا دەتوانرێت کاری ئاشکراو جەماوەری کرێکاری ڕێکبخرێ. پەیوەندی شاراوەی کرێکارانی پێشڕەو، پەیوەندی حیزبی ونهێنی کرێکارانی کۆمۆنیست بە تەنها بۆ ڕێکخستنی خەباتی ئیستا بەس نییە. ڕاستە حەیاتییە، بەڵام بەس نییە. ئەگەر بواری نارەزایەتی بەکۆمەڵ لە کرێکاران بسەنیتەوە، بزوتنەوەی کرێکاری هیچی نامێنێتەوە. کاسبکاران دەتوانن بە فتوای نادیاری فڵانە سەرچاوە ڕۆژی چوارشەممەیەک دوکانەکانیان داخەن. کرێکاران لە خەباتدا پێوستیان بە کۆبونەوەی فیزیکی و بەکارهێنانی هێزو توانای بەکۆمەڵە. تەنها بەو شێوەیە کرێکاران هەست بەهێزو توانایی دەکەن. تەنها بەو شێوەیە کرێکارانی پێشڕەو دەتوانن دەوری خۆیان لە ڕابەری ڕیزی کرێکاراندا بگێڕن. بەم پێیە دەبێ ئەو بیرۆکانە وەلابنێن کە پشت دەبەستن بە ناوەندی ون و نادیارو کرێکاران تاک تاکە پەیڕەوی لێ دەکەن. ئەبێت بواری خەباتی بەکۆمەڵ و شان بەشانی کرێکاران بهێنرێتە کایەوە. ئەوەی دەڵێت سەرکوت ڕێگەنادات، با بچێتە ماڵەوەو پشو بدات. ئێمە دەڵێین کۆبونەوەی گشتی مەودای تاقیکردنەوەیەکی دراوی ئەو خەباتەیە. بانگەشەی ئێمە ئەبێ پشتبەستن بە کۆبونەوە گشتی هێز و توانای ئەوان زیاد بکات.

**کۆمۆنیست: لە کۆتایدا دەتوانی کەمێک سەبارەت بە پەیوەندی حیزب یان هەڵسوڕاوانی حیزبی لەگەڵ ئەم ڕێکخراوە جەماوەریانەو ئەو کێشانەی کە ئەگەری هەیە لەکاتی کارکردنیاندا ڕووبەڕوویان بێتەوە قسەوباس بکەیت؟**

**مەنسور حیکمەت:** وەڵامی پڕاوپڕ بەو پرسیارەش تەنها دەتوانرێت بسپێردرێت بە

داهاتو وە بەڕێڕەوی هەڵسوڕانی بەکردەوەی ئێمەوە. گەلێک پرسیاری پراکتیکی هێشتا بەشێوەی جدی نەخراونەتە ڕوو. بەوهۆیەوە لێرەدا تەنها ئاماژە بەهەندێک لایەنی گشتی مەسەلەکە دەکەم. کە بەشێوەیەکی واقیعی لەگەڵیاندا بەرەو ڕووین: جێخستن وفێرکردنی بیرۆکەی شوراکان، وەڕێخستنی بزوتنەوەیەکی واقیعی کۆبونەوە گشتیەکان و دامەزراندنی پەیوەندی سالم وداهێنەرانە لەگەڵ ئەوانەی بەرگری دەکەن، لە هەموو شێوەکانی ڕێکخراوبوونی جەماوەریەکان. لەبارەی ئەوەی یەکەمیانەوە هیچ شتێکی تێدا نییە ئاڵۆز بێت. ئەبێت ئێمە ڕەوایەتی شوراکان بنەماکانی بزوتنەوەی شورایی بە بەردەوامی و بەشێوەی زیندو ڕوون بکەینەوە، بە گەڕانەوە بۆ تایبەتمەندیە پایەییەکانی شورا (ڕێکخراوکردنی زۆرترین هێزی جەماوەری کرێکاران، ڕێگەدادان بە ڕابەرانی عەمەلی ئاشناو شارەزای کرێکاریی، دیموکراسی ڕاستەوخۆ، ئامادەیی بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات و...تاد) ڕوون بکەینەوە.

سەبارەت بە خاڵی دووهەم، بزوتنەوەی کۆبونەوە گشتییەکان، پێشتر قسەم کردووە. ئەبێت لەقاوغی بانگەشە رووت بێینە دەرەوە و دەست بەکاری سازدان، پەرەپێدان و پێکەوە

پەیوەستکردنیان بێت. ئەنها ئەو خاڵەی بۆ زیاد دەکەم و جەختی لێدەکەمەوە. هەر وەکو وتم بزوتنەوەی کۆبونەوەی گشتی بزوتنەوەیەکە بۆئەوەی کاری جەماوەری و فراوانی کرێکاران، ممکین بکات، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە ئەم بزوتنەوەیە بەتەواوی پشت بەستوە بەکارو کاردانەوەیەکی ئاشکراو جەماوەری. پێویستە لەسەر کرێکارانی کۆمۆنیست و هەڵسوڕاوانی ئەم بزوتنەوەیە پەیوەندی نزیکترو لەباری جێبەجێکردنەوە پەیوەندی نهێنی خۆیان ڕێکبخەن بۆ ڕێنیشاندانی ئەم بزوتنەوەیە. لەپشت سەری بزوتنەوەی کۆبونەوەی گشتی، تۆڕە پێکەوە بەستراوە، کانونەکان و ئەڵقە کرێکارییەکان و

ڕێکخراوە حیزبیەکانی کرێکارانی پێشڕەو وەستاوە. دەربارەی لایەنە جۆربەجۆرەکانی جۆرکردنی کاری نهێنی بەهەڵسوڕانی ئاشکراو جەماوەرییەوە پێشتر قسەمان کردووە (بگەڕێنەوە بۆ وتارە جیاوازەکان سەبارەت بە ئاژیتاتۆرکان، سیاسەتی ڕێکخستنی حیزب وە... هتد). تەنها جەخت لەوە دەکەمەوە کە ئەم خەباتە نهێنیە بۆ سەرکەوتنی بزوتنەوەی کۆبونەوە گشتیەکان و کۆمەکردنی نارەزایەتیە کرێکاریەکان لەڕێگەی کۆبونەوە گشتیەکانەوە چارەنوس سازە.

سەبارەت بە خاڵی کۆتایی، واتە پەیوەندی ئێمە لەگەڵ بەرگریکارانی هەموو شێوازەکانی ڕێکخراوەبوونی جەماوەری، وەکو سەندیکاکان و ئەوانی تر، پێویستە هاوڕێیانمان بگەڕێنینەوە سەر باسەکانی پیشوتری حزب دەربارەی ڕەخنە لە سیکتاریزم. ئێمە سەر بە تەیفی کرێکارانی کۆمۆنیست و رادیکاڵین و ئەندامی ڕێکخراو و هەڵسوڕاوی ئەو تەیفەین. پەیوەندی ناوخۆیی ئەو تەیفە لەگەڵ خۆی و پەیوەندی ئەو لەگەڵ هەموو مەیلەکانی ناو چینی کرێکار پەیوەندییەکە کە پشت دەبەستێ بە دەرکی بەرژەوەندییە بنەڕەتییەکانی هەموو چینەکەی خۆیان کە میحوەرە سەرەکییەکەی یەکگرتن و بەهێزکردنی ڕیزی کرێکارانە

لەخەبات دژی بۆرژوازی. ئێمە بۆچوونەکانی خۆمان، سیاسەتەکانی خۆمان و ئەڵتەرناتیڤی خۆمان زۆر بەگەرمی تەبلیغ دەکەین، و هەوڵ دەدەین ببنە بۆچوون و سیاسەتی بەشی هەرچی فراوانتری کرێکاران و کۆڕ و کۆمەڵە پێشرەوەکانیان، بەڵام لەهەمان کاتدا لەهەر جێگایەک جوڵانەوەیەک بێتەکایەوە کە ئامرازێک بۆ خەباتی کرێکاران پێک بێنێ، ئەگەر تەنها لەبەشێکیشدا یەکگرتنی ئەوان زیاد بکاو مافێک لەمافە پێشێلکراوەکانی کرێکاران وەربگرێ، خودی ئێمە یەکەمین کەسانێک دەبین کە بەرەو پیری دەچین و لەو جوڵانەوەیەدا بەشداری دەکەین. هیچ هەوڵ و کۆششێکی کرێکاریی نییە کە ئێمە گوێ

نەدەینە چارەنووسی. ئێمە ئەڵتەرناتیڤی خۆمان بە بەشداری بەشی هەرچی زیاتر لە کرێکارانی پیشڕەو وە خەباتکار دادەمەزرێنین، ئێمە باشترین سیاسەتی عەمەلی خۆمان بەردەوام و لەهەموو هەلومەرجێکدا ڕوون دەکەینەوە، بەڵام لەهەمان کاتدا دەبینە ئەندامی هەڵسوڕاوی هەر سەنگەربەندییەکی واقعی کرێکاران. ئەوەی گرنگە ناسین و جیاکردنەوەی جوڵانەوە کرێکارییە ڕەسەنەکان بۆ یەکگرتن و خەبات (لەهەر شێوەیەکدا بێت) لەجوڵانەوە ناواقعیەکان، خەیاڵی و زیان بەخشەکان بەخەباتی کرێکاری. ناسین و جیاکردنەوەی ئەم مەسەلەیە لەهەر بوارێکدا بێت بۆ ئەو کۆمۆنیست و کرێکارە پێشرەوی کە لەنزیکەوە پەیوەندی هەبێ لەگەڵ جوڵانەوە کرێکارییەکان و بەرژەوەندی هەموو چینەکەی ڕەچاوکردبێ کارێکی دژوار نییە. بەو مەرجەی هەڵسوڕاوانی ئێمە لەهەر باسێکی دیاریکراودا بە هەستیاری و دڵسۆزی پیویست ئەم جوڵانەوەیە بخوێنەوەو شی بکەنەوە.

سیاسەتی ئێمە بریتییە لە پەرەپێدانی بزوتنەوەی کۆبونەوەی گشتی و گەشەدان بە بزوتنەوەی شورایی. سیاسەتی ئێمە لاوازکردنی هەوڵەکانی مەیلەکانی تر نییە بۆ پێکهێنانی سەندیکاکان و ڕێکخراوە جەماوەرەکان. ئومێدمان ئەوەیە کە بەهەوڵی ئێمە بزوتنەوەی کۆبونەوە گشتی و بزوتنەوەی شورایی بەشێکی هەرچی زۆرتر لە هێزەکانی چینی کرێکار بۆ ڕێکخراوبون ویەکگرتن بەخۆیەوە کەنالیزە بکات.

> **بزوتنەوەی کۆبونەوەی گشتی وەڵام دەم و دەست و عەمەلی ئێمەیە بەڕێکخراوکردنی__نارەزایەتییە جەماوەری__ کرێکاران لەم سەردەمەدا. شوراکان وبزووتنەوەی بەتەواوی مانا شورایی تەنها دەتوانن ئەنجامی پلەیەك لە پیشڕەوی بزوتنەوەی کۆبونەوەی گشتی بێت**

> **بزوتنەوەی کۆبونەوە گشتی کەسێکە لە ئایدیایەکی مجەرەد "دابڕاو" وە دەربارەی کۆبونەوەی گشتی حەرەکەت ناکا، بەڵکو لە خەباتی بەردەوامی هەر ئێستای کرێکارانەوە دەجوڵێتەوە**

بڵاوکراوەی کۆمۆنیستی ژمارە ٣٧ ،مارسی ١٩٨٨

کۆکراوەکان، جەڵدی ٦ ، لاپەڕەی ١٦٧ تا ١٨٨

٣٠/٨/٢٠١٩

**وەرگێرانی: کاوە عومەر**

**چاوپێداخشاندنەوەوهەڵەبڕی: بۆپێشەوە**

# بزوتنەوەی کۆبونەوەی گشتی بزوتنەوەیەکە بۆئەوەی کاری جەماوەری و فراوانی کرێکاران، ممکین بکات!



# عەمار شەریف: پێویستە خەڵکی شۆڕشگێڕی عێراق پشت ببەستێ بە هێزی ڕێکخراوی خۆی. پێویستە هەرچی زووە خەڵك لە گەڕەك وکارگە وکۆلیج وزانکۆ ودائیرە و لەساحاتی (اعتصام) لە بەغدا و شارەکانی باشوور خۆی ڕێك بخات

## دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ عەمار شەریف ئەندامی" کۆمیتەی نارەزایەتیەکانی ئۆکتۆبەر سەبارەت بە بەخۆپیشاندانەکانی شارەکانی عێراق و ئایندەی سیاسی ئەو وڵاتە

**بۆپێشەوە: چ لێکچوونێک لەنێوان خۆپیشاندانەکانی چیلی ولوبنان و ئێران، لەگەڵ خۆپیشاندانەکانی عێراقدا هەیە؟**

**عمار شریف:** خۆپیشاندانەکانی عێراق و لوبنان و ئێران خاڵی هاوبەشی خۆیان هەیە بەهۆی تەئسیراتی سیاسی وکۆمەڵایەتی وئابووری لە نیوان ئەو سێ وڵاتەدا. هەر سێ وڵاتەکە لە یەک ناوچەدان کە بەشێک لە گیروگرفتەکانی بەستراوەتەوە بەیەک. ئەوانەش وەکو ئیستقتابات ناوچەیی ونیو دەوڵەتی، بەتایبەت نێوان ئێران و عەرەبستان سعودی و تورکیا وشوێنە گەرمەکانی شەڕی وەکالەتی هێزەکانی سەربەخۆیاندا. شاید ئەم واقیعیاتانە فاکتەری ئەسڵی نارەزایەتیەکانی ئێستای خەڵک نین، بەڵام بوعدێکی تر ئەخاتە سەر کێشمەکێشی خەڵکی نارازی ودەسەڵات لەم وڵاتانەدا.

هۆیەکانی ئەسڵی بزووتنەوەی نارەزایەتی لە ئاستی ناوچەکە: بێکاری فراوان وهەژاری وگەندڵی بێ وێنەی چینی دەسەڵاتدار وبێ مافی وفەزای ئیستبداد وکۆنەپەرستی سەپێنراوە لەلایەن ئیسلامی سیاسیەوە. خەڵک هەست ئەکات کەمترین دەخالەتی هەیە کە بتوانی ئاڵوگۆڕێکی بچوک بکات بەرەو باشکردنی هەڵومەرجی ژیان وگوزەرانی وبەدیهێنانی مافەکانیان.

بێجگەلە فاکتەری ئیسلامی سیاسی ئەوانی تر کە لە سەرەوە باس کران دروستن بۆ هاتنە مەیدانی خەڵکی مەحرومی چیلی بۆ دیفاع کردن لە مافی خۆیان بۆ خۆشگوزەرانی و شەریک بوون لە سەروەت وسامانی کۆمەڵگە. سیاسەتی نیو لیبرالیزم بووەتە بنەمای ئارایشکردنی سیستمی سەرمایەداری لە وڵاتانی (حاشیەیی) لە ئابووری جیهانیدا. سیاسەتێک کە زلهێزەکانی سەرمایەداری فەرزی کردوە وئەیکات لە ڕێگەی فشاری دەزگای دارایی نێودەوڵەتی وەکو بانکی دراوی نێو دەوڵەتی و سندوقی دراوی نێو دەوڵەتی. ئەنجامی ئەو سیاسەتە بێکاری وهەژاری ودەست هەڵگرتنی دەسەڵات لە مەسئولیەتی خۆی بەرانبەر بە کۆمەڵگە. بۆ ئێرانیش سیاسەتی رژێم بۆ بەعەسکەریکردنی ئابووری وڵات وبەرنامەی ئۆتۆمی وخەرجکردنی ئیمکاناتی زۆر لە دەخاڵەتکردنی لە لوبنان وسوریا و عێراق ویەمەن. دواتر کەوتنی ژێر سیاسەتی نائینسانی ئابلووقەی ئابووری لە لایەن ئەمریکا. ئەم وەزعە وای کرد کە رژێم هەموو ئەو فشارانە تەحمیل کردوە بەسەر خەڵکی ئیران کە رووبەروو بووە لەگەڵ کێشەی هەژاری ومەحرومیەتێکی بەرفراوان. سیمای هاوبەشی خەباتی خەڵکی ئەو وڵاتانە ئەم جارە ئەوەیە کە دەسەڵات وسیستمی سیاسی حاکمی کردە ئامانجی نەفرەتی خۆی، وچارەسەری کێشەکانی هەژاری وبێکاری وبێ مافی لە ڕێگەی دەخالەت و بەگەرخستنی ئیرادە وهێزی نارەزایەتی خۆی. خەسڵەتی روونی چینایەتی ئەم بزووتنەوەیە خۆی نیشان داوە لە دەست پێکردنێک بەرەو چوونە پێشی رادیکالیزمی کۆمەڵگەدا.



**بەرای من بۆئەوەی جەماوەری ڕاپەریو و خاوەن هێزی خۆی بێت، و بتوانێ خاوەن بەدیلی دەسەڵاتی فیعلی جەماوەر بێت، پێویستە خەڵکی شۆڕشگێڕی عێڕاق پشت ببەستێ بە هێزی ڕێکخراوی خۆی. پێویستە هەرچی زووە خەڵك لە گەڕەك وکارگە وکۆلیج وزانکۆ ودائیرە و لەساحاتی (اعتصام) لە بەغدا و شارەکانی باشوور خۆی ڕێك بخات...**

**بۆپێشەوە: دەسەڵاتی سیاسی لە عێراقدا، بە توندوتیژی وەڵام بە داخوازی خۆپیشاندەران دەداتەوە، کە تا ئیستا بە سەدان کەس کوژراون و بەهەزارانیش بریندار بوون. هۆکاری دەستبردنی دەسەڵات بۆ توندوتیژی وسەرکوت چۆن دەبینن؟**

**عمار شریف:** خەڵکی عێراق بەدرێژایی ئەم دەیەی ئەخیر نارەزایەتی خۆی دەربڕی بە شێوازی جۆراوجۆر، بە مانگرتن و خۆپیشاندان، بە خەباتی سیاسی و فیکری، و دەیان قوربانی ژن وپیاوی داوە بە تەقەکردن وچەقۆ لێدان لە خۆپیشاندەران وتیرۆرکردن و رفاندن و بێسەروشوێنکردنی هەڵسوراوان و ژۆرنالیست لەلایەن دەسەڵات و هێزەکانی حیزبی وملیشیایی. هەموو ئەو توندوتیژییە پیشووتر بەکار هاتووە لە کاتێکدا ئاستی داخوازیەکان نەدەگەیشتە ئاستی ئەم جارە. لەم ساڵەدا دەیان خۆپیشاندان ومانگرتن کراوە لەلایەن کرێکاران وبێکاران و کاسبکاران و دەرچووانی زانکۆ و هەڵگری بروانامەی ماستەر ودکتۆرا کە بێکارن، و خەڵکی ئاوارە و بێ خانەولانە ... تاد، هەر هەموویان لەجیاتی وەڵام وەرگرتنەوە بە سەرکوت لەلایەن حکومەت جواب درایەوە. خەڵک تووشی بێ ئومیدی بە ریفۆرم بووە. بۆیە شەپۆلی بەرفراوانی نارەزایەتی ئوکتۆبەر لە بەغدا وشارەکانی جنوبدا، کە تا ئێستا بەردەوامە، دەرەجەیەکی بەرز لە سەقفی داخوازیەکانی بەخۆیەوە بینیووە. هەر لە دەست پێکردنی رایگەیاند کە هەموو سیستمی گەندەڵ بە حکومەت، وپەرلەمان، ودەزگای دادپەروەری، وکۆمسیونی هەڵبژاردن، و ئەحزابی بەشدار لە دەسەڵات لە خیلالی شانزە ساڵی رابردوو، وە ملیشیا، دەبێ بروات.

حکومەت و ئەحزاب، بەتایبەت ئەوانەی کە باڵا دەستن لە کابینەی عادل عبدالمهدی وبەسەر ئیرانن، هەستیان کرد کە ئەم حەرەکەتە ئەیەوێ سەرجەم دەسەڵاتیان بپێچێتەوە. بۆیە هەر لە یەکەم ڕۆژ دەستیان برد بۆ چەک و بێرەحەمانە خۆپیشاندەری بێ دیفاعیان خەڵتانی خوێنی کرد و سەدان کوژراو و زیاتر لە شانزە هەزار برینداری لێکەوتەوە. دەسەڵاتداران لە لایەک نەیانویست پاشەکشە بکەن لە بەرانبەر خەڵکدا، چونکە ئەزانن درەنگە، لە لایەکی تر ئەم حەرەکەتە بە راگەیاندنی شەڕ لە کوللی وجوودی خۆیان ئەبینن.

**بۆپێشەوە: سەرکەوتنی بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری وخۆپیشاندانەکانی عێراق لە گرەوی چیدایە؟**

**عمار شریف:** بزوتنەوەی جەماوەری ئەم جارە داوا ئەکات سەرجەم دەزگای دەسەڵات بڕوات، بەڵام بەدیلێک کە زاڵە لە ناویدا حکومەتی ئینتقالی وهەڵبژاردنی پەرلەمانی تازەیە. پرسیار ئەوەیە کە کێ ئەمە جێبەجێ بکات؟ چاوەڕێ ئەکەن کەسی تر یان (UN) بیکات. مەگەر ئەو دەزگایە بە دەست ئەمریکا وڵاتانی ڕۆژئاواوە نییە؟ ئەوانەش پیشووتر لە ڕێ حسابی قازانجی خۆیان پەرەدان بەنفوزیان عێراقیا دابەش کرد لەبەینی خۆیان وڵاتانی ناوچەکە و دۆزەخێکیان دروست کرد لە شەڕی تایفی وقەومی وکۆمەڵگەیەکی بێ ماف. من ئەزانم تەوازنی هێز هەندی حاڵەت وا فەرز ئەکات، بەتایبەت ئەگەر جەماوەر بێ ئیرادە وخاوەنی هێزی خۆی نەبێت. بەڵام کاتێک سەدان هەزار وملیونەها خەڵک لە نەبەردێکی بێ وێنە لە مێژووی وڵاتدا و بۆ ماوەی دوو مانگ بەوپەری فیداکاری لە مەیداندا پێ داگرتوە، بۆ ئەبێت چاوەڕێ بکات.

بەرای من بۆئەوەی جەماوەری ڕاپەریو و خاوەن هێزی خۆی بێت، و بتوانێ خاوەن بەدیلی دەسەڵاتی فیعلی جەماوەر، پێویستە خەڵکی شۆرشگێری عێراق پشت ببەستێ بە هێزی رێکخراوی خۆی. پێویستە هەرچی زووە خەڵک لە گەڕەک وکارگە وکۆلیج وزانکۆ ودائیرە و لەساحاتی (اعتصام) لە بەغدا و شارەکانی باشوور خۆی ڕێک بخات لە کۆمیتە وشوورای هەڵبژێردراوی خۆیان لە کۆبوونەوەی گشتی خەڵکدا. بەم شێوەیە خەڵک ئەتوانێ دەسەڵات بباتە ناوخۆی، نەک لە سەروی، ئەشتوانێ بریاردەر بێت سەبارەت بە داهاتووی وڵات. بەم شێوەیە جێبەجیکردنی مافە سەرەتاییەکان و داخوازیە هەرە دەستبەجێکان مسۆگەر ئەکرێت. جوابدانەوە بە داخوازیەکانی خەڵک وەکو فرسەتی کار یان بیمە بیکاری، مافە فەردی وشەخصیەکان، ئازادی بێ قەید وشەرتی سیاسی، یەکسانی هاوڵاتیان دوور لە دین ونەتەوە وتایفە، یەکسانی تەواوی ژن وپیاو، و دابینکردنی ئەمنیەتی خەڵک، و دادگاییکردنی بەرپرسان لە کوشتنی خۆپیشاندەران، دادگاییکردنی گەندەڵکاران، زەمانەتی سەرکەوتنی بزوتنەوەی نارەزایەتی خەڵکە. رۆیشتنی حکومەتێک وپەرلەمانێک وهاتنی یەکی تازە بێ ئەوەی پابەند بێت بەو معیارانە ناتوانین ناوی بنێین سەرکەوتن.

ئیمەش لە چوارچیوەی (لجنة احتجاجات اکتوبر) و (خەیمەی بێکاران) لە ساحەی تحریر لە بەغدا وساحەی حبوبی لە ناسریەدا، کار بۆئەوە ئەکەین بە باس وکۆبوونەوە لەگەڵ هەڵسوراوان وخۆپیشاندەران بکەین، گردبوونەوەی جەماوەری، وە تەبلیغات لە ڕێ بڵاوکراوەی (انتفاضة اکتوبر) کە بە هەزاران نوسخە دابەش ئەکرێت لە بەغدا وشارەکانی تردا.



## خەندە ڕەشاد: دەسەڵاتی سیاسی کاتێك ڕووبەڕووی مەترسی بێتەوە، ئەوکات بەسانایی دەست بۆ سەرکوتی خەڵك دەبات، لەعێراقیشدا فۆرمی هەموو دەسەڵاتە سیاسییە بۆژوازییەکان دژ بەچینی خوارەوە مێژوویەکی خوێناوی هەیە...

# دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ خەندە ڕەشاد چالاکوان و رۆژنامەنووس سەبارەت بە بەخۆپیشاندانەکانی شارەکانی عێراق و ئایندەی سیاسی ئەو وڵاتە

**بۆپێشەوە: چ لێکچوونێک لەنێوان خۆپیشاندانەکانی چیلی ولوبنان و ئیران، لەگەڵ خۆپیشاندانەکانی عێراقدا هەیە؟**

**خەندە ڕەشاد:** لێکچوونی هەموو ئەم خۆپیشاندانەی کە ئێستا ڕوودەدەن یەک خاڵی بنەڕەتیە؛ ئەویش خەباتی چینایەتی خەڵکی خوارەوەیە دژی سستەمی سەرمایەداری و سیاسەتی برسی کردنی خەڵک لەلایەن نیولیبرالیزمەوە. هەموو ئەم خۆپیشاندان و ڕاپەرینانەی کە ئێستا ڕوودەدەن لە پشتی قەیرانە قووڵەکانی سەرمایەداریەوەیە. سەرمایەداری جیهانی هەموو کێشە و قورسایەکانی خستۆتە سەر شانی خەڵک. لەبەرئەوەی هەریەک لەم وڵاتانە هەمان سیاسەت پەیڕەو دەکرێ لە کۆکردنەوەی سامان لەدەست چینێکی کەمینە و برسیکردنی زۆرینە، بۆیە بەشێوەیەکی خۆڕسک لەهەریەک لەم وڵاتانەدا دەنگی نارەزایی بەرزدەبێتەوە. بێگوومان نیولیبرالیزم کەلەسەر بنەمای هەراجکردنی کەرتی گشتیەوە درووستبوە لەهەر شێوێنێکی دونیا مەترسی و لێکەوتەکانی هەمان پێودانگە، بۆیە نارەزایتیەکانیش کەبەدوایادێن بەهەمان شێوەدەبن.

> **دیموکراتی لەوڵاتانی سەرمایەداریدا تا ئەوشوێنە بڕدەکا کەمەترسی نەبێ بۆمانەوەی دەسەڵاتداران لەسەر حوکم، کاتێك ئەو مەترسیە درووست بوو تاکە ڕێگە سەرکوتکردنە**

**بۆپێشەوە: دەسەڵاتی سیاسی لە عێراقدا، بە توندوتیژی وەڵام بە داخوازی خۆپیشاندەران دەداتەوە، کە تا ئێستا بە سەدان کەس کوژراون و بەهەزارانیش بریندار بوون. هۆکاری دەستبردنی دەسەڵات بۆ توندوتیژی وسەرکوت چۆن دەبینن؟**

**خەندە ڕەشاد:** دەسەڵاتی سیاسی کاتێک کە ڕووبەڕووی مەترسی بێتەوە، ئەوکات بە سانایی دەست بۆ سەرکووتی خەڵک دەبات. لە عێراقیشدا فۆرمی هەموو دەسەڵاتە سیاسیە بۆرژواییەکان دژ بە چینی خوارەوە مێژوویەکی خوێناوی هەیە. بڕوا ناکەم لە مێژووی سیاسی تازەی عێراقدا هیچ ئالۆگۆڕێک بێ سەرکوت هەروا ڕوودبدات. ئەم خۆپیشاندانەی عێراق خەڵک هەر بەتەنیا داوای داخوازیەکانیان ناکەن، بەڵکو داوای ڕۆیشتنی "حکومەتیش" دەکەن.هەروەها <u>دیموکراتی لەوڵاتانی سەرمایەداریدا تا ئەوشوێنە بڕدەکا کەمەترسی نەبێ بۆمانەوەی دەسەڵاتداران لەسەر حوکم، کاتێک ئەو مەترسیە درووست بوو تاکە ڕێگە سەرکووتکردنە.</u> ئەگەرچی لەدرووشمەکانی دەسەڵاتداراندا ئەوە بەدی دەکرێ کە ئێمە لەگەڵ داخوازی خۆپێشاندەرانین، بەڵام ئەوەتا دەیبینین ڕۆژانە دەیان خۆپێشاندەر دەکوژرێ و بریندارەدەکرێ، هەموو شێوازێک بەکار دەبردرێ بۆ سەرکووتکردنی.



**بۆپیشەوە: سەرکەوتنی بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری وخۆپیشاندانەکانی عێراق لە گرەوی چیدایە؟**

**خەندە ڕەشاد:** باشتر بوو پرسیارەکەت بەجۆرێکی تر بکردایە کە: سەرکەوتنی ئەم بزووتنەوەیە لە گرەوی چیدایە؟ ئەوکاتە دەکرێت بە دێرێک وەلام بدرێتەوە. <u>لە گرەوی ڕێکخستنی خەڵکی خوارەوە خۆی و کۆڵ نەدان</u> .

**خەندە ڕەشاد:** ئەگەر خۆپێشاندەران داخوازیان ئەوە بێت کە ئەو ٣ سەرۆکایەتیە دەست لەکار بکێشیتەوە؟ ئەوا ئەکرێت بلّێی بەڵێ... بەڵام کێشەکە ٣ سەرۆکایەتی و کابینەی حکومەت و پەرلەمان نییە، دەسەڵاتی چینایەتی و کۆمەڵایەتی لە بناغەوە لەسەر شان و چەوسانەوەی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش دەسەڵاتداری دەکات. هەتا پێیان بکرێت قەیران و قورسایی ژیان دەخەنە سەر شانی خەڵکی کرێکار و دەست تەنگ. هەموو سامانی کۆمەڵگەش بۆ خۆیان. بۆیە داخوازی و کێشەکان دەبێت لەناو ئالۆگۆڕی شۆڕشگێرانەی ئەو سیستەمە کۆمەلایەتیە و هەڵتەکاندنی بناغەکەی شرۆڤە بکرێت .

**بۆپێشەوە: رۆڵی چینی کرێکار و چەپ و کۆمۆنیستەکان چۆنە لە بزوتنەوەی نارەزایەتی و خۆپیشاندانەکانی خەڵکی عێراقدا؟**

**خەندە ڕەشاد:** ئەگەر قسە لەسەر ڕۆڵی حیزبە کۆمۆنیستی و چەپەکان دەکەیت، یان بەیاننامە نووسین و لە سۆشیال میدیاکانەوە خەریکی سێلفی گرتن و نیشاندانی درووشمەکانیان، و بڵاو کردنەوەی وێنەی خێمە و دانیشتنەکانیان لە گۆڕەپانی تەحریر؟ ئەوا دەکرێت بڵێین ڕۆڵیان هەبووە وەک هەموو ئەو خەڵکەی کە لەوێ کۆبوونەتەوە، بەڵام بەبڕوای من؛ هەتا ئێستا حیزبێکی کۆمۆنیستی واقیعی بوونی نییە، تا ئێمە خەریکی ئەوەبین قسە لەسەر ڕۆڵی ئەو حیزبە بکەین .سەبارەت بە خۆپیشاندانەکانیش بەهۆکاری ئەوەی کە خۆڕسکن و بزووتنەوەیەکی کۆمەلایەتیە، لەو بڕوایەدام لەنێو ئەو بزووتنەوە و خۆپیشاندانانەی خەڵکدا دەکرێت بزووتنەوەیەکی ڕادیکال و سۆسیالیست سەرهەڵدات، یان وەک بزووتنەوەی خوێندکاران و خۆپیشاندانەکانی ساڵی ١٩٦٨ی پاریس لە فەرەنسا، نەوەیەک لە کۆمۆنیست و سۆسیالیستی نوێ سەرهەڵبدەن لە ناو کۆمەڵگە

**بۆپێشەوە: هۆکار چییە هاوکات لەگەڵ کۆبونەوەو خۆپیشاندان لەناوەندی شارەکان، لە ناوەند کریکاریی و کارگەو گەرەکەکاندا، خۆپیشاندان و مانگرتن نییە؟**

**خەندە ڕەشاد:** هۆکار زۆرە، لەلایەنی ئابووری چینی کرێکار و بەشی خوارەوەی کۆمەڵگە بەهۆکاری هەژاری و ژیانێکی قورس توانای خۆهۆشیارکردنەوەیان لە باری فکری و سیاسی کەمتر بۆ ڕەخساوە. دواتر لە ڕووی سیاسیەوە وەک ئەوەی پێشتر ئاماژەم پێدا، حیزبێکی پرۆلیتاریا و سۆسیالیست نییە کە بتوانێت کۆمەڵگە ببزوێنێت .

> **خۆپیشاندانەکان بەهۆکاری ئەوەی کە خۆڕسکن و بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتیە، لەو بڕوایەدام لەنێو ئەو بزووتنەوە و خۆپیشاندانانەی خەڵکدا دەکرێت بزووتنەوەیەکی ڕادیکاڵ و سۆسیالیست سەرهەڵدات، یان وەك بزووتنەوەی خوێندکاران و خۆپیشاندانەکانی ساڵی ١٩٦٨ی پاریس لە فەرەنسا، نەوەیەك لە کۆمۆنیست و سۆشیالیستی نوێ سەرهەڵبدەن لە ناو کۆمەڵگە...**

سوپاس بۆ چاو پێکەوتنەکە.

> **لێکچوونی هەموو ئەم خۆپیشاندانەی کە ئێستا ڕوودەدەن یەك خاڵی بنەڕەتیە؛ ئەویش خەباتی چینایەتی خەڵکی خوارەوەیە دژی سستەمی سەرمایەداری و سیاسەتی برسیکردنی خەڵك لەلایەن نیولیبرالیزمەوە...**

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

## درێژەی...توندوتیژی دژی ئافرەت تایبەت نییە...

نەگەیشتوون. تەنیا لەپێناو حەز ئەم هاوسەرگیرییە ئەنجامدەدەن. نازانن هاوسەرگیری بریتییە لەکۆمەڵێ بەرپرسیاریەتی و ئەرک. جا دوای چەند مانگێک ئەم حەزەی ئەوان کاڵ دەبێتەوەو لەیەکتر بێزار دەبن. یان لە ئێستادا دەبینین هاوسەرگیری بۆتە چاولێکەری لەلایەن گەنجان. هەروەها هۆکارێکی تری تەلاق لەئێستادا کەزۆر بڵاوە تۆڕە کۆمەلایەتیەکانە، کە بەشێوەیەکی خێرا بڵاوبونەوە بەنێو کۆمەڵگەی ئێمەدا تاکەکانیش نارۆشنبیریانە بەکاری دێنن. ئێمە رۆژانە دەیان کەیسی جیابوونەوە دەبینین کە هۆکارەکەیان، بۆ خراپ بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان دەگەڕێتەوە. زەواج لەرێگای ناسینی دووربەدوور، بەڵێنی ناو تۆرە کۆمەڵایەتیەکان، بی نزیکایەتی و ناسینی یەکتری... هۆکارێکی تری زەواجی ناسەرکەوتووە وە بەشێکی زۆری بە جیابوونەوە بە کۆتا دەگات. هۆکارێکی تر کیشەی ئابوورییە. کەمبوونەوەی توانای داراییە، کە دەبێتە مایەی سەرهەڵدانی ناکۆکی لە خێزاندا. ئەمانە بەشێک لە هۆکاری جیابونەوەن. تاچەند رێگەدراوە لەرێگە دیالۆگ و گفتووگۆ کێشە نێوان هاوسەران چارەسەر بکرێ؟ زۆرجار هەوڵ دەدرێت لەرێگەی گفتوگۆ و دیالۆگ کێشەکان چارەسەر بکرێن بۆ گەیشتنەوەی هاوسەران بەیەکتر و بۆ رێگریکردن لە هەلوەشانەوەی خێزان، بەلام دەستێوردانی دەوروبەرو گوێنەدان بە ئیرادەی تاکەکان خۆیان، کاریگەری سلبی لەدوای خۆی جێ دەهێڵێت.

زۆرجار دەڵێن پارێزەران ئەوەندەی پارەیان لا گرنگە ئەوەندە ئاشتکردنەوەی هاوسەرانیان لا گرنگ نییە، من دەڵێم پیشەی پارێزەریش وەک هەر پیشەیەک دەکرێ کەسانێکی تیابێ هەدەفیان پەیاکردنی پارە بێ هەروەک چۆن پەنجەی دەست هەمووی وەک یەک نییە پارێزەرانیش هەموویان وەک یەک نین، بەمەش ناکرێ ئیمە لە هەیبەت و شکۆی پیشەی پارێزەری کەم بکەینەوە. ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوەیە ویژدانی خۆت ئاسودە بکەیت نموونەش زۆرە لەسەر پارێزەری باش من بەچاوی خۆم بینیومە پارێزەر تەداخولی کردوە هاوسەرانی ئاشت کردۆتەوە تێی گەیاندوون ئەرکی هاوسەران بەرامبەر یەکتر چییەو فێری کردوون.

لەکۆتایدا هیوادارم خۆشگوزەرانی باڵ بکێشێ بەسەر تەواوی

## درێژەی... چیرۆکی هەتاو

شەریعەت، من زینام کردبوو. دەیانویست ڕەجمم بکەن. دەیانویست بە بلۆک سەرم پانبکەنەوە. ئازایەتی خۆم بوو، مەلاو شەریعەکەیم دمکوت کرد. پێم وتن نەمن زینام کردووە و نە هەتاو ( یش زۆڵە ) .هەتاو ( کچی خودایە. من لەژێر هاواری الله اکبر دا لاقەکرام و خواش هەتاوی پێ بەخشیم.

ئای لەوشەوە دکتۆر. ئای لەو شەوە. خۆزگە تۆش لەوێ دەبوی. ئەوسا دەتزانی تاوان چییە..! ئەوسا دەتزانی تاوانباران کێن .

– قسەیەک بکە، حەوسەڵەم نەما. تۆ دەزانی ئەم بێ دەنگییەت زۆر بێزارکەرە..

دکتۆر منیش لە ڕوانینەکانت بێزارم. ڕوانینەکەت لە ڕوانینی بت دەچێت. ئەی ئەوە نییە باسی، شەوە شومەکەت بۆ دەکەم. خەتای من نییە، تۆ دەڵێی مس لە گوێت کراوە هیچ نابیستیت. هەر ئەو شاوە ) خۆر ( زۆر قسەی بۆ کردم. وتی :دایە گەورە، خۆزگە بابە گەورەم لێرە دەبوو. ئەگەر باپیرم بمابایە ئەو خەڵکە نەیدەوێرا وەک قەحبە!! سەیرت بکەن. کە قوڕگی پڕ بوو لە گریان. دڵیم دایەوە و داوام لێکرد کە نەگری. وتی: دایە گەورە چۆن نەگریم. تۆ نازانییت، هەموو جارێک کە من و دایکم بەلای ژنی گەڕەکدا ڕەت دەبین، چۆن سەیرمان دەکەن. چەند قسەی سووک و ناشرینمان پێ دەڵێن. بە دایکم دەڵێن: سەیر سەیری ئەم لۆق درێژە سۆزانییە ناکەی، چۆن خۆی بادەدا. نەمان دیایە دایکی دەمردین لە عەزرەت باوکی. ئەوسا هەموو دەدەنە قاقای پێکەنین و بە یەک دەنگ هاوار دەکەن: باوکیییی!!! بۆ کەس دەزانێت دایکە قاحبەکەی لە چ پیاوێکی گرتووە؟ ئەو فەوجێک سەربازی داوە بەسەر خۆیدا، ئێستە کێ دەزانێ کچی کام گەوادەیانە.

دکتۆر بە قسەکانی ) خۆر ( ئازام نیشتە سەرئاو. قسەکانی ناخمی هەژاند. هەستم کرد خەریکە هەرەس دێنم. ویستم ئارامی کەمەوە و زیاتر قسە نەکا. پێم وت گوێ نەداتە قسەی خەڵکی. سوودی نەبوو وتی: نەنە گیان ئەی ئەگەر دایکیشم گیرابێت؟ ئەی ئەگەر ئێمەیان دۆزیەوە و منیشیان........دەستم لەسەر دەمی دانا. نەمهێشت قسەکەی تەواو بکات. ساتێک لە فکران ڕاچووم. ورەم بەردا. کڕوکاس وەک لە بۆشاییەکی تاریک و بێ دەنگیەکی سامناکدا نغرۆ ببم وابوو. مردبووم هەستم کرد بومەتە قاوغێک بۆ بۆشاییەکەی هەناوم.

بە دەنگی تەقەو قیژ و هوڕی ژنان و پاڕانەوە و هاواری الله اکبر. هاتمەوە سەرخۆم. دەنگ و هاوارێکی ترسناک بوو. ئاگر بەربووە دەروونم. ڕۆحم ئازاری دەچێژت. دەستم لەسەر دەمی )خۆر ( لادا. باوەشم پیاکرد و نوساندم بە سنگمەوە. بە هەردوو دەست توند گوێیەکانیم گرتن. وەک شێتم لێهات. شتی سەیر و ترسناک دەهاتنە بەر چاوم. بینیمن ئەوان بوون سەرە بۆ لاقەکردنی ) هەتاو ( دەگرن. ئەوان بوون لاقەی ) هەتاو ( یان دەکرد و بە گوێی مندا دەیان قیژاند الله اکبر. بینیمن ئەوان بوون دەرگایان شکاند و سەرە بڕاوەکانیان بە ژووری زەخیرەکەدا بڵاو دەکردەوە.

– کات بە فیڕ ۆدانە. تۆ ناتەوێ هیچ بڵێیت. بتبەنەوە بۆ زیندان باشترە.

دکتۆر من تازە مردووم. جا لە زیندان بم یان ئازاد بم بۆ کەسێکی مردوو چ جیاوازیەکی هەیە، بەڵام زۆر حەزم دەکرد گوێت لە بەسەرهاتەکەم بگرتایە. تا بزانیت چی وامان لێدەکات تاوان ئەنجام بدەین.

هەر ئەو شەوە، کاتێک دەنگی تەقە و قیژەی ژن و منداڵ و هاواری الله اکبر لە ماڵی ئێمە نزیک بۆوە، ئەو کاتەی بێ شک بووم لەو دۆزەخەی بۆ ) هەتاو ( داخراوە. ئەو کاتەی زانیم دەگەنە حەشارگەکەی ئێمەش ئەو کاتەی زانیم ) خۆر( یش لاقە دەکەن. بڕیارمدا خۆر لەدەستی ڕەشی ئەوان بپارێزم. بڕیارم دا )خۆر ( بکوژم، بەڵێ دکتۆر، خۆم بەدەستی خۆم ) خۆر( م خنکاند. من ) خۆر( م کوشت تا لاقە نەکرێت.

## درێژەی دوا وتە

یەکێتی، دەستیان گیرە لە هیزی ئەمنی و هیزی چەکدار، وابەستەی وڵات و وەلائی هیزو دەوڵەتەکانی ناوچەکەن... لەدەرەوەی ئەوانە هەر رەوت و باڵێکی تر پێش وەختە دەبێتە قوربانی یان لە نیوان بەرداشی باڵە خاوەن چەک و پارەو دەزگای ئەمنی و پیشمەرگەدا، دەتوێتەوە یان لەباشترین حاڵەتدا لەکەناردا دریژە بە بۆڵە بۆڵی بێ ئاکام دەدات.

جەنگ و ململانێی نیوانی ئەو خەت و رەوتانەش لەسەر میراتگرییە بۆ ئەو پشکانەی یەکێتی کردۆتە کۆمپانیایەکی گەورە.

لەو هەموو ماوە دورودریژەدا کە یەکێتی توشی ئەزمەیەکی قوڵی سیاسی و ریکخراوەیی بووە، هیچ کام لە هێڵەکانی ناو یەکێتی، نەیانتوانییوە رێگاچارەیەک بۆ یەکێتی بدۆزنەوە، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە لەلایەکەوە یەکیتی بەدەست نەخۆشیەکانی خۆیەوە بناڵێت و لەلایەکی تریشەوە هیواش هیواش بەرەو پوکانەوە و بچوک بوونەوە بکشێت...

هەموو پێشبینیەکانیش ئەوە ناخەنە روو یەکێتی بتوانێت، لەوچەق بەستن و دۆخە نەخوازراوە رزگاربێت... ئەوەی یەکێتی بەو حاڵەی ئیستایەوە هێشتۆتەوە، لەدەستدا بوونی چەک و هیزی چەکدار و داهات و دەستبەرسەراگرتنی داهاتی زۆنی سەوزو خۆبەستنەوەیەتی لەلایەک بە وڵاتی ئیران و لەلایەکی تریشەوە بە پارتییەوە...

لەگەڵ نزیک بوونەوەی وادەی بەستنی کۆنگرە، کادرە بڵند باڵاکانی سوشیاڵ دیموکراتی سەرقاڵن و ئومیدیان بە دوعایە بۆ سەرکەوتنی کۆنگرە و نزا بۆ سەرکەوتنی لەسەر گڵکۆی مام بۆ کۆنگرە دەکرێت... هێشتا هیچ کام لە باڵ و لاباڵ و لقەکانی ناو یەکێتی سەرقاڵی نیشاندانی پرۆژەیەکی جدی و ئومێدەوار نین بۆ بەڕێوەچوونی کۆنگرەیەک کە یەکێتی لە بەڵاو غەزەبی لێکترازان و هونەر پیشەکانی پشتشکاندنی یەکتری بپارێزێت.

وەڵام بە دۆخی یەکێتی لەناو خۆی یەکێتیەوە بە شوێنیک ناگات... کیشەی یەکێتی نەبوونی ئەڵتەرناتیفی جیاواز و نەبوونی ئەجندای جیاوازە بۆ هەلومەرجی سیاسی کوردستان و تەنانەت بۆ خودی زۆنی سەوزی ژیر سایەی دەسەڵاتی خۆیشی. یەکێتی کە خاوەنی هیچ دورنمایەکی سیاسی نەخشەیەکی سیاسی بۆ هەلومەرجی ناوچەکەو عیراق و کوردستان و زۆنەکەی خۆیشی نییە، ناچارە ببێتە نێچیری روداوەکان تا بەجەستەی نەخۆشەوە پەلکیش بکرێت، یانیش ببێتە پاشکۆی سیاسەتەکانی پارتی... بەڵام ئەم حاڵەتە ناتوانێ ئاوا بمێنێتەوە، یەکێتی ناتوانیێت تاسەر ببێت پاشکۆی روداوکان، روادوەکان لەدرێژ ماوەدا دەتوانن یەکێتی لول بدەن... وە تاسەریش یەکێتی ناتوانیێت خۆی بە سیاسەتەکانی پارتییەوە هەڵبواسێت، چونکە لە حاڵەتێکی وادا زەخیرەی بەشەری یەکێتی هیواش هیواش لە یەکێتی دوردەکەونەوە، رابردوش ناتوانێ وەکو سەرمایەکی درێژ مەودا بمێنێتەوە، نەوەی نوێ سیاسەتی نوێ و رووی لە ئایندەیە، حزب و لایەنێکی سیاسی ئایندە مەبنای نەبێت، رابردوشی هەر شتێک بێت، لەدەستی دەدات...

بەپێی ئەو هەنگاوانەی یەکێتی دەیانێت بۆ کۆنگرە، یان باڵ و هێڵەکان نیشانی دەدەن، کۆنگرە لەدنیای واقعدا بەشوینیک ناگات، ئەگەر توشی لێکترازن بێت، دۆخی خراپتر دەبێت و بچوکتر دەبێتەوە، ئەگەریش لەرێگای سازانی نیوخۆیی و تیپەراندنی کۆنگرە بەتەوافوقیش سەرکەوتوبێت، دیسان ریگایەکی بن بەستە و یەکێتی دەکاتە چوارچیوەیەک بۆ کۆبونەوەی خەت و باڵە جیاوازەکان و کە نە خاوەنی رابەریەکی خاوەن متمانە دەبێت و نەدەتوانیت سیاسەتیکیش بگرێتە بەر کە هەموو باڵەکان لەسەری کۆک بن... واتە یەکیتی بەو حاڵەی ئیستا هەیەتی، دەروازەی ئومێد بەخش بەروویدا داخراوەو شانسی بەستنی کۆنگرەیەکی ئاسایشی نییە.

**عەبدولا مەحمود**

**کرێکاران، زەحمەتکێشان،لایەنگرانی وشەو دەنگی ئازاد!**
**بۆ ئەوەی بۆ پێشەوە، بتوانیت نەخشی چینایەتی و ئەرکی پێناسەکراوی خۆی سەرکەوتوانە بباتە پێشەوە، لە هەواڵی نارەزایەییەکانتان، لە خۆپیشاندان و مانگرتن و خواستەکانتان، لە کێشەو گیروگرفتەکان و رێکریەکانی بەردەم خەبات و یەکگرتوویتان، بەردەوام ئاگاداری بکەن... ئەو هەواڵانەی حزب و بزوتنەوە و میدیای بۆرژوازی و سیبەریان، دەیانەوێ بەلاڕی، یان پەردەپۆشی بکەن، ئێوە بە ئێمەی بگەیەنن... ئەو راستیانەی ئەوان پەردەپۆشی دەکەن، لە رێگای بۆپێشەوەوە، پەردەی لەسەر هەڵبماڵن... هەواڵی نائەمنی شوێنی کار و قوربانیانی، هەواڵی سەرکوت و دزی و تاڵانی دەسەڵات و کۆمپانیاکانیان، هەوڵی توندتیژی دژ بەژنان و قوربانیەکانیان، هەواڵی پێشێلکاری ئازادیە سیاسیەکان، ئازادی رۆژنامەگەری و ئازادی مافە فەردی و مەدەنیەکان... بە ئێمە بگەیەنن... بۆپێشەوە، دەنگی سازشهەڵنەگرو سەکۆی راستبێژی و مەیدانێکی گرنگی ئێوەیە، لە پێناو دنیایەکی باشتردا. لەهەر جێگاو کۆشەیەکی ئەم دنیایەن لەپەیوەندی بەردوامدابن لەگەڵیدا...ئەدرەس ئیمێڵ و پێگەی بۆ پێشەوەیە..**

bopeshawa@gmail.com www.bopehsawa.net

بۆپێشەوە FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

بۆپێشەوە
FORWARD بلاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە
Forward

بۆپێشەوە
سەرنووسەر: عەبدولّا مەحمود

ڕاوێژکاری سەرنووسەر: ڕێبوار ئەحمەد
بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:
bopeshawa@gmail.com
بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:
abdulla.mahmud@gmail.com
بۆ خویندنەوەی بابەت و وتارەکانی بۆ پێشەوە
سەردانی سایتی بۆ پێشەوە بکەن:
www.bopeshawa.net

هاوکاری سەرنووسەر: ئاراس ڕەشید
نووسەرانی ئەم ژمارەیە:
شوانە حەسەن، ئاراس رەشید، عەبدولّا مەحمود، سیروان عەبدولّا، عەبدالرحمن رەسوڵ، هیوا سالّح، کاوان قادر، حەکیم میرزا، نوری بەشیر، هەناسە عەزیز، ئەحمەد جوانکار، سەردار عەبدولّا، شوان عەزیز ...

لەگەڵ دۆسیەیەکی تایبەت
بەناوی "خۆپیشاندانەکانی عێراق و ئایندەی سیاسی"

## دوا وتە

# یەکێتی و کۆنگرە



وا بریارە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە ٧ دیسەمبەری مانگی داهاتوو، کۆنگرەی چوارەمی خۆی ببەستێت.

یەکێتی نیشتیمانی، کە بەمانای وشە چەند حزب و ڕێکخراوێکی ناکۆک بەیەک تاڕادەی دوژمنایەتی لەناوخۆی یەکێتیدایە، دەمێکە سەرقاڵی بەستنی کۆنگرەیە، بەڵام خودی ناکۆکی و ململانێی ناوخۆییەکان، بوونەتە ڕێگر لە بەستنی کۆنگرە و تا ئێستاش ڕۆشن نییە، یەکێتی لەم بەروارەدا کە رای گەیاندووە دەتوانێت کۆنگرە ببەستێت یان نا.

ئەوەی کەوای کردووە کۆنگرەی یەکێتی توشی نەخۆشی دواخستن ببێ، زۆری پرۆژە سیاسیەکان، بوونی نەخشەی جۆراوجۆ، دورنمای خسنەرووی هەمەرەنگ، گۆرێنی ئاراستەی یەکێتی، لە ئارادابوونی گفتوگۆ و راگۆرینەوەی دیموکراسی و سۆشیال- دیموکراسیانە!!، لەسەر ئالۆزی دۆخی سیاسی ناوچەکەو عیراق و کوردستان، تەنانەت هیز بەخشینەوە بە یەکێتی وەکو نەیاری پارتی،... نییە.

یەکێتی لە بێ پرۆژەیدا، پرۆژەی سیاسی و ستراتیجی بۆ ناوچەکە و بۆ عێراق و هەلومەرجی ئیستا و ئایندەی کوردستان... رۆژی بەم رۆژە گەیشتووە کە هەموان دەیبینن. ئەوەش کەهیچ کام لەباڵ و رەوت و لقەکانی ناو یەکێتیش ناتوانن وەکو باڵی زاڵ و جیگا متمانە خۆیان نمایش بکەن، بەهەمان شێوە دەست خاڵی بوونیانە لەهەر پرۆژەیەکی سیاسی رۆشن و ستراتیجی.

هەر چاودیرێکی سیاسی هوشیار، هەر ئاشنایەک بە دۆخی یەکێتی، هیندەی لە سۆشیال میدیا، هۆڵی نادییە کۆمەڵایەتیەکان، کۆڕو کۆمەڵی داخراو ئاشکرا، گوێ بیستی پاشقول لەیەکتر گرتن، چەک بەخشین و پارە تەخشان پەخشان کردن دەبیستن، بەشێک لە چارەکیکی ئەوە نابیستن کە یەکێتی دەتوانێت کۆنگرەیەکی تەندروستی حزبی بکات.

هەر بۆیە یەکێتی بەواقعی هیندەی لەبەردەم لێکترازان و توندبوونەوەی ناکۆکیەکان لە ناو کۆنگرەدایە، هیندە لەبەردەم هیچ پرسێکی سیاسی و کۆنگرەیەکی رۆتیندا نییە.

هەر ئەم هەرەشەی لێکترازانەیە، کە وای لە خەت و رەوتە ناکۆکەکانی ناو یەکێتی کردووە، کە کۆنگرە پیش کۆنگرەو لەدەرەوەی کۆنگرە، لەسەر بەش و پشکەکان ڕیک بکەون و لە کۆنگرەیەکی روکەشدا، واژۆی بەشەکان بکەن.

دیارە کەباس لە باڵ و لاباڵەکانی یەکێتی دەکرێت، مەبەست لەو هیڵ و رەوتانەیە، کە دەستیان گیرە لە داهات و دارایی

بۆ لاپەڕە 14

# بۆ کارڵ مارکس

هۆنراوە ی : هێرمان خۆرتەر Herman Gorter (1864_1927)

وە رگێرانی : ئە حمەد جوانکار





تۆبویت ..
تۆبویت بە ڕێزم
نیشاندە ری ڕێگای ڕاستیم .
بە ڕە خنە یە ك
هە موو تە موومژی
سروشتی ژیانی ڕابردووت
ڕە واندە وە و
ڕاستیە كانت وە ك خۆر دە رخست .
ئە وانە ی كە رە ستە كانی
بنیاد نانیان لە بە ردە ستایە
كرێكارانی كۆمە نیستن ..
ئە وانن ئە توانن

ڕابردوو
بسڕنە وەو
دنیای كۆمۆنیزم .. دابمە زرێنن ..
هە ر ئە وانن ئە توانن
هۆكارە كانی كۆیلایە تی و

چە وساندنە وە ی
ئینسان لە لایە ن ئینسانە وە ..
نە هێڵن و
بۆ هە تا هە تایە .. تە فروو
تونای کەن .

# لە بۆپێشەوەوە

* بابەتەکانی بۆپێشەوە، جگە لە "گۆشەو تەوەرەی تایبەت" بەگشتی تەعبیر لەخەتی سیاسی و فکری و دونیابینی کۆمۆنیزمی مارکس و کۆمۆنیزمی کرێکاریی دەکات.
* بۆ پێشەوە، هیچ بابەتێک بلاوناکاتەوە، کە پێشتر لەشوێن و کەناڵی بینراو وبیستراو و نووسراودا... بلاوبوبێتەوە.
* بابەتی بلاوبووەوە لە بۆپێشەوەدا، ئەوکاتە لەلایەن خاوەنەکەیەوە مافی بلاوکردنەوەی هەیە، کە لە بۆپێشەوە بلاوبوبێتەوە. راسپاردەی بۆپێشەوەیە، کە خاوەنی بابەتەکە ئاماژە بەناو و ئەو ژمارەی بۆپێشەوە بدات، کە بابەتەکەی تیادا بلاوبۆتەوە.
* درەنگ ناردنی بابەتەکان، لەکاتی راگەیەندراوی خۆیدا، شانسی بلاوبونەوە لەدەست دەدات.
هەڵەبری وتارو بابەتەکان، ئەرکی خاوەنی بابەت و وتارەکانە و بۆپێشەوە بەرپرس نییە لە هەڵەی ئیملایی بابەتەکان... بۆیە هەرکەسێک کە بابەت یان وتار بۆبۆپێشەوە دەنێریت، ئەرکیەتی هەم هەڵەبری ئیملایی و هەم رەچاوی رێنوسی زمانی ستانداردی کوردی بکات بۆ ئەوەی دەرفەتی بلاوبونەوە بۆ وتارەکەی بکاتەوە.
* ئەولەویەت بۆ بابەتی کورتە.

**دوا کات بۆ ناردنی بابەتەکانی ژمارەی داهاتوو 2019-12-12**